# یاسای
# چاودێری نەوجەوانان

ژمارەی (٧٦) ی سالی (١٩٨٣)
وە هەموارکراوەکانی وە سیستەمی
قوتابخانەکانی پێگەیاندنی نەوجەوانان
ژمارە (٢) ی سالی ١٩٨٨

ئامادەکردن و وەرگێرانی:
کاوانی ئەنوەر مەسیفی

# یاسای

# چاودێری نەوجەوانان

ژمارەی ( ٧٦ ) ی ساڵی ( ١٩٨٣ ) وە هەموارکراوەکانی
وە سیستەمی قوتابخانەکانی پێگەیاندنی نەوجەوانان
ژمارە ( ٢ ) ی ساڵی ١٩٨٨

ئامادەکردنی
دادوەر: نیزاڵ حەمید

وەرگێرانی
کاوانی ئەنوەر مەسیفی

ناوی کتێب - یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە(٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣) هەموارکراو
ئامادەکردن و وەرگێڕانی — کاوانی ئەنوەر مەسیفی
چاپی یەکەم - ٢٠١٢
تیراژ - (١٠٠٠) دانە

چاپخانەی-شەهاب— هەولێر

## بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

# یاسای چاودێری نەوجەوانان

## ژمارەی ( ٧٦ ) ی ساڵی (١٩٨٣) وە هەموارکراوەکانی
## وە سیستەمی قوتابخانەکانی پێگەیاندنی نەوجەوانان
## ژمارە ( ٢ ) ی ساڵی ١٩٨٨

## بڕیاری ژمارە ٨٠٠

بەو پێیەی کە ئەنجومەنی نیشتمانی بڕیاریداوە وە بە پاڵپشت بە ئەحکامەکانی مادەی پەنجاو سێ لە دەستوری کاتی وە بڕگەی (دووەم ) لە مادەی (٤٧ ) لە یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی ژمارە (٥٥ ) ی ساڵی ١٩٨٠.

وە پشت بەستن بە ئەحکامەکانی بڕگە (أ) لە مادەی چل و دوو لە دەستوری کاتی.

بڕیاردرا بە دەرچوونی ئەو یاسایەی خوارەوە:

**ژمارە ( ٧٦ ) ی ساڵی ١٩٨٣**

**یاسای چاودێری نەوجەوانان**

# دەروازەی یەکەم

# بنەما سەرەکیەکان

## بەشی یەکەم

## ئامانج و بناغەکان

**ماددەی ( ١ )**

ئامانجی یاسای چاودێری نەوجەوانان سنوور دانانێکە بۆ دیاردەی کەتنی نەوجەوانان لە میانەی خۆپاراستنی نەوجەوان لە کەتنکردن وە چارەسەرکردنی کەتنکار بە ڕاهاتنێکی کۆمەڵایەتی بە پێی قیەم و بنەماکانی خورەوشتی بۆ کۆمەڵگاو هەنگاوناو بۆ بونیاتنانی ئیشتراکی.

**ماددەی (٢)**

ئەو یاسایە پشت دەبەستێت بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەو بنەمایانەی خوارەوە :

**یەکەم:** زوو دۆزینەوەی ئەو نەوجەوانەی توشبووە بەکردنی کەتنکردن بۆ چارەسەرکردنی پێش ئەوەی کەتنێکیتر بکات.

دووەم: لێپرسراویەتی بە خێوکەر لەسەر وازهێنانی لە ئەرکی سەرشانی بەرامبەر بەو منالە یاخود نەوجەوان لە حالەتی تووشهاتنی لەکەتنکردن .

سێیەم: لێسەندنەوەی دەسەلاتی باوکایەتی ئەگەر بەرژەوەندنی منالەکە پێویستیکرد یاخود نەوجەوان و کۆمەلگا .

چوارەم: چارەسەرکردنی نەوجەوانی کەتنکردوو بە پێی بنەماکانی زانستی وە لە ڕوانگەی مرۆڤایەتیەوە .

پێنجەم: چاودێریکردنی دوارۆژی نەوجەوان وەك ئامرازێکی تێکەلبوون لەگەل کۆمەلگا وە پاراستنی لە گەڕانەوەی .

شەشەم: بەشداریکردنی ڕێکخراوە جەماوەریەکان لەگەل لایەنەکانی تایبەتمەند لە دانان و بە دواداچوونی ڕاپەڕاندنی نەخشەی گشتی بۆ چاودێریکردنی نەوجەوانان .

## بەشی دووەم

## ڕاڕەوی یاسا

ماددەی (٣)

ئەو یاسایە ڕاڕەوی ئەبێت لەسەر نەوجەوانی کەتنکردوو وە لەسەر منال ئەو نەوجەوانەی تووشی کەتنکردن هاتوون وە لەسەر بەخێوکەرەکانیان ، بەو مانا دیاریکراوانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەو یاسایە .

**یەکەم:** بە بچووك دائەنرێت ئەوانەی لە خوارووی نۆ ساڵین .

**دووەم:** بە نەوجەوان دائەنرێت ئەوانەی لەسەرووی نۆ ساڵین وە هەژدە ساڵیان تەواو نەکردووە .

**سێیەم:** ئەگەر نۆ ساڵی تەواو کردبێت بە نەوجەوانی منالْ دائەنرێت وە پانزە ساڵی تەواو نەکردووە .

**چوارەم:** ئگەر پانزە ساڵی تەواو کردبێت بە نەوجەوانی لاو دائەنرێت وە هەژدە ساڵی تەواو نەکردووە .

**پێنجەم:** باوك و دایك یاخود هەرکەسێك منالێك یاخود نەوجەوانێك ڕاگرێت بە بەخێوکەر دائەنرێت یاخود بەڵێنی دابێت بە پەروەردەکردنی هەرکامێك لەم دووانە بێت بە بڕیاری دادگا.

**ماددەی (٤)**

بۆ سەلماندنی تەمەنی نەوجەوان دەبێت بە بەڵگەی فەرمی بێت وە ئەگەر هاتوو ئەمە نەبوو یاخود ئەو تەمەنەی تیا نووسراوە لە بەژن و بالای نە گونجاو بوو لەسەر دادگا پێویستە بە هەواڵەکردنی بۆ لێژنەی پشکنینی پزیشکی بۆ هەڵسەنگاندنی تەمەنی بە پێداویستیە زانستیەکان .

**ماددەی (٥)**

ئەحکامی ئەو یاسایە جێبەجێ ئەکرێت لەسەر نەوجەوان کە تەمەنی لەکاتی لێکۆڵینەوە هەژدە ساڵی تەوا و دەکات .

# دەروازەی دووەم

# پێکهاتەکانی کارگێڕی

## بەشی یەکەم

## ئەنجومەنی چاودێری نەوجەوانان

**ماددەی ( ٦ )**

**یەکەم:** ئەنومەنی پێکدێت ناو ئەنرێت بە ( ئەنجومەنی چاودێری نەوجەوانان) بەمشێوەیەی خوارەوە:

١. وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی ، سەرۆك .

٢. نوینەرێك لە وەزارەتی ناوخۆ ، وەزیری ناوخۆ وەك ئەندام دەستنیشانی دەکات .

٣. نوێنەرێك لە وەزاەتی داد ، وەزیری داد وەك ئەندام دەستنیشانی دەکات .

٤. نوێنەرێك لە وەزارەتی پەروەردە ، وەزیری پەروەردە وەك ئەندام دەستنیشانی دەکات .

٥. نوێنەرێك لە وەزارەتی تەندروستی ، وەزیری تەندروستی وەك ئەندام دەستنیشانی دەکات .

٦. بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی چاکسازی نەوجەوانان ، ئەندام .

٧. ئەندامێك لەو كەسانەی خیبرەو تایبەتمەندن وەزیر كاروباری كۆمەڵایەتی دیاری دەكات بۆ ماوەی دوو ساڵ دەكرێت جارێكیتریش نوێ بكرێتەوە .

دووەم: لە هەر سێ مانگ جارێك بەلای كەمی ئەنجومەن كۆدەبێتەوە، وە بۆ وەزیر هەیە داوای كۆبوونەوە بكات هەر كاتێك پێویست بكات ، ئەو كاتە دانیشتن ئەكرێت كە زۆرینەی ئەندامان ئامادەبن وە هەموو بڕیارەكانیش بە زۆرینەی دەنگ پەسەند ئەكرێت.

سێیەم: هەر كامێك لە ئەندامانی ئەنجومەن ئەوانەی خاوەن خیبرەو تایبەتمەندین كە وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی هەڵیان دەبژێرێت بە پێی بڕگەی (٧) ی مادەی ( ٦) ئەو یاسایە بە لاوە دەنرێت ئەگەر هاتوو دوو جار بە دوایەكەوە دوا كەوت لە سەر ئامادە بوونی لە كۆبوونەوەكانی ئەنجومەن بە بێ هیچ پۆزش هێنانێكی ڕەوا.

چوارەم: بۆ ڕێكخستنەوەی كارەكانی ئەنجومەن و نووسینەوەی كۆنووسەكانی دانیشتنەكان وە كورتكردنەوەی ئەو كێشانەی پێشكەشكراون وە ئاگاداركردنەوەی بڕیارەكانی وە بە دواداچوونی دەبێت فەرمانبەرێك بێت كە بڕوانامەی زانكۆی بە دەست هێنابێ.

ماددەی ( ٧ )

یەکەم: ئەنجومەن لە سەرەتای هەموو ساڵێك لەنێو ئەندامەکانی جێگری سەرۆك هەڵدەبژێرێ.

دووەم: ئەنجومەن بۆیەك جار کۆدەبێتەوە لە سێ مانگ کەمتر، وە دەکرێت وەزیر بانگهێشتی بکرێت بۆ کۆبوونەوە لەکاتی پێویستدا، وە دەبێت کۆبوونەوەکە بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی بێت، هەموو بڕیارەکان بە ڕێککەوتنی زۆرینەی ئامادەبووان دەگیرێتەبەر.

سێیەم: هەر ئەندامێکی ئەنجومەن تایبەتمەندن بە پسپۆڕی و تایبەتمەندی ئەوانەی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی هەڵیان دەبژێرێت بەپێی برگەی (یانزەم) لە ماددەی (٦) ی ئەو یاسایە بەدەست لەکارکێشاوە دادەنرێت ئەگەر دواکەوت لەسەرئامادەبوونی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن دووجار لەسەریەك بەبێ پۆزشێکی ڕەوا.

چوارەم: فەرمانبەرێك هەڵدەستێت کە بڕوانامەی زانکۆی بەدەست هێنابێ بۆ ڕێکخستنی کارەکانی ئەنجومەن و تۆمارکردنی ووتەی دانیشتنەکان و کورتکردنەوەی ئەو کێشانەی پێشکەشی کراون وە ئاگادارکردنەوەی بڕیارەکانی و چاودێریکردنی.

**ماددەی ( ٨ )**

یەکەم /چاودێری نەوجەوانان کار لەسەر ئەو تایبەتمەندیانەوەی خوارەوە دەکات:

١. گفت و گۆکردن کردن و بڕیاردانی سیاسەتی ساڵانە دەربارەی کەتنی نەوجەوانان .

٢. بڕیاردان لەسەر پلانی فەرمانگەی چاکسازی نەوجەوانان و بە دواداچوونی ڕاپەڕاندنی کارەکانیان .

٣. بڕیاڕدان لەسەر خانە و قوتابخانەکانی چاکسازی ئەویش لەسەر پێشنیاری فەرمانگەی چاکسازی نەوجەوانان .

٤. دانانی ڕێنماییەکان بۆ ڕەخساندنی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە دیاردەی کەتنکردنی نەوجەوانان .

٥. بڕیاردانی سیستەمی خانەو قوتابخانەکانی چاکسازی پێش بەرزکردنەوەی بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ داڕژتنی .

دووەم: ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنی دەریدەکات جێبەجێ ناکرێت ئەگەر لە کۆبوونەوەکە وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئامادە نەبووبێت، تا وەزیر پەسەندی نەکات وە بە پەسەندکردنێکی تەواو دائەنرێت چونکە هیچ ڕێگریەك نیە لە ماوەی پانزە ڕۆژدا لە بەرواری تۆماکردنی لە سەنتەری وەزارەت.

# بەشی دووەم

## خانە و قوتابخانەکانی پێگەیاندن

**ماددەی ( ٩ )**

فەرمانگەی چاکسازی نەوجەوانان کە سەر بە دامەزراوەکانی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتییە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردنی خانە و قوتابخانەکانی پێگەیاندن ، بە پێی سیستەمی تایبەتی خۆی وە بۆ دادگای نەوجەوانان هەیە مافی هەبێ لە سەرپەرشتیکردنی .

**ماددەی ( ١٠ )**

خانەو قوتابخانەکانی پێگەیاندن پێکدێت لە:-

**یەکەم:** خانەی تێبینی ـ شوێنێکە ڕێکخراوە بۆ ڕاگرتنی نەوجەوان بە بڕیارێکی دادگا یاخود دەسەڵاتدارانی تایبەتمەندی کە پشکنینی جەستەو دەروونی دەکات وە خوێندەوەی کەسایەتی و ڕەوشتی دەکات لە لایەن نووسینگەی خوێندنەوەی کەسایەتی بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ دادگایکردنی .

**دووەم:** قوتابخانەی پێگەیاندنی مێرمندالان: یەکێکە لە قوتابخانەکانی چاکسازی ئامادەکراو بۆ پێسپاردنی منالان بۆ ئەو ماوەی دیاریکراوەی حوکمەکەی ، بۆ کارکردن لەسەر گەڕاندنەوەی ڕاهاتنی کۆمەڵایەتی وە

ڕەخساندنی هۆیەکانی پێگەیاندنی پیشەیی و خوێندەواری .

**سێیەم:** قوتابخانەی پێگەیاندنی هەرزەکاران : یەکێکە لە قوتاخانەکانی چاکسازی ئامادەکراو بۆ پێسپاردنی گەنجان بۆ ئەو ماوە دیاریکراوەی حوکمەکەی بۆ کارکردن لەسەرگەڕاندنەوەی ڕاهاتنی کۆمەڵایەتی وە ڕەخساندنی هۆیەکانی پێگەیاندنی پیشەیی و خویندەواری .

**چوارەم:** قوتابخانەی گەنجانی هەراشبوو : یەکێکە لە قوتابخانە ئامادەکراوەکان بۆ پێسپاردنی ئەوانەی هەژدەساڵیان تەواو کردووە کە دانراون لە قوتابخانەی پێگەیاندنی هەرزەکاران یاخود ئەو کەسەی هەژدە ساڵی تەواوکردووە لە کاتی دادگایکردنی بۆ کارکردن لەسەر پێگەیاندنی پێشەیی و خوێندەواری وە گەڕاندنەوەی کۆمەڵایەتی .

**پێنجەم:** خانەی پێگەیاندنی نەوجەوانان :ئەو شوێنەیە بۆ پێسپاردنی نەوجەوانی پەڕاگەندەو لادراو لە ڕەوشت بەبڕیارێکی دادگای نەوجەوانان تا ئەو کاتەی تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو دەکات ، پاشان ئەخرێتە باڵی گەنجانی پێگەیشتوو وە کچە گەنجەکان ئەوانەی پەڕاگەندەو لە ڕەوشت لایانداوە کە ماوەی پێسپاردنیان تەواو کردووە ،

وە چاودێری خێزانیان لە دەستداوە تا ئەو کاتەی تەمەنی (٢٢) ساڵی تەواو دەکەن ، یاخود چارەسەرێکیان بۆ کێشەکانیان ئەدۆزرێتەوە جا چ شووکردن بێت یاخود ڕادەستکردنی کەس و کاریان بکرێنەوە یاخود دۆزینەوەی کارێك گونجاو بۆیان .

ماددەی (١١)

بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی چاکسازی نەوجەوانان سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکانی بەڕێوەبردنی خانە و قوتابخانەکانی پێگەیاندن دەکات.

## بەشی سێیەم

## نوسینگەی خوێندنەوەی کەسایەتی

ماددەی (١٢)

یەکەم: لە هەر دادگایەکی نەوجەوانان نووسینگەیەك دائەنرێت بۆ خوێندنەوەی کەسایەتی وە ئەبەسترێتەوە بە دادگای نەوجەوانان کە پێکدێت لە :ـ

ا ـ پزیشکێکی تایبەتمەند یاخود پیشەگەڕ لە نەخۆشیەکانی دەروونی و دەمارگیری یاخود پزیشکی منداڵان لە کاتی پێویستدا .

ب ـ کەسی تایبەتمەند لە بواری شیکردنەوەی دەروونی و زانستی دەروونی .

ج ـژمارەیەك لە توێژینەوەرانی کۆمەڵایەتی .

**دووەم:** دەكرێت نوسینگەكە تۆكمە بكرێت بە ژمارەیەك كەسانی تایبەتمەند لە زانستی تاوانكاری یاخود زانستەكانیتر كە پەیوەندی هەبێت بە كاروباری نەوجەوانان .

**سێیەم:** وەزیر ئەندامانی نووسینگەكە دیاری ئەكات دكتۆر بەرێوەبەری ئەبێت.

**ماددەی ( ١٣ )**

جگە لە ئەحكامەكانی برگەی (یەكەم) لە مادەی (١٢) ی ئەو یاسایە دەكرێت نوسینگەی خوێندنەوەی كەسایەتی دابنرێت لە ئەو ئەندامانەی یەكلا نەبونەتەوە لە نێوان دكتۆرەكانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی بە هەلبژاردنیان لە لایەن وەزیرەوە یاخود لە زانكۆوە بە هەڵبژاردنی لە لایەن سەرۆكەكەی هەڵدەستن بە كارەكەیان لە نوسینگە سەرباری كارەكەی خۆیان وە دیاری ئەكرێن لە لایەن وەزیرەوە .

**ماددەی ( ١٤ )**

نوسینگەكە هەڵدەستێت بە خویندنەوەی كەسایەتی بە ئەنجامدانی پشكنینی پزیشكی و دەروونی و بەدواداگەڕانی كۆمەڵایەتی كە داوادەكات لە دادگای لێكۆڵینەوە یاخود دادگای نەوجەوانان یاخود هەر لایەنێكی تایبەتمەند بە پێی ئەمانەی خوارەوە :

**یەكەم /**

ا- پشكنینی جەستەو هۆش و دەروونی نەوجەوان بۆ دەستنیشانكردنی ئەو نەخۆشیانەی سكالای لێیان هەیە وە ئاشكراكردنی حالەتی عەقلی گەشە سەندنی هەڵچوونی وە

ئاستی هەستکردنی لە سروشتی کارەکەی کە لادانە لە یاسا
وە ڕپۆرتێکی چارەسەرکردنی پێوویست بۆی.

ب- خوێندنەوەی حالەتی کۆمەڵایەتی نەوجەوان وە خوێندنەوەی ئەو سرووشتەی کە تیایا ئەژی وە ئاشکراکردنی ئاستی پەیوەندیبوونیان بەو تاوانە ئەنجامدراوە.

دووەم: ڕێکخستنی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل لەسەر باری جەستەیی و عەقڵی و دەرٶونی و کۆمەڵایەتی وە ئەو هۆیانەی کە هانی داوە بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە وە تەگبیرکردنێك پێشنیارکراو بۆ چارەسەرکردنی.

سێیەم: چاودێریکردنی نەوجەوان بە شێوەیەکی وەرزی هەر سێ مانگێك جارێك وە هەرکاتێك پێوویست بکات بۆ ئەوە تا کۆتایی هاتنی ماوەی تەگبیرکردنەکە پێزانینی دادگا بۆ کەمکردنەوەی حالەتی نەوجەوان لە گۆڕانی.

**ماددەی (١٥)**

بۆ نووسینگەی خوێندنەوەی کەسایەتی هەیە هانا ببات بۆ دەمەزراوەکانی زانستی و تەندروستی تایبەتمەندی ، بۆ مەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی دەقاودەق لە مادەی (١٤) ی ئەو یاسایە.

# دەروازەی سێیەم

# خۆپاراستن

## بەشی یەکەم

## دۆزینەوەی سەر لە زوویی

**ماددەی ( ١٦ )**

دۆزینـــەوەی ســـەرلەزوویی بـــۆ نەوجـــەوانی تووشـــهاتووی کەتنکردوو ڕاگرێکی چاودێری کۆمەڵایەتی پارێزی لێکراوە لـە کـــەتنکردن ئـــەویش لـــە میانـــەی فراوانبـــوونی چوارچـــێوەی بەشـــداریکردن دێتـــەدی وە ئـــەوەش لێپرســـراوەیەتی ڕێکخراوەکـــانی جـــەماوەری و پیـــشەیی و کارگێریـــەکانی قوتابخانەکانـە بـۆ چـاودێریکردنی کـەتن لـە بـواری چـاودێری دەروونی و کۆمەڵایەتی.

**ماددەی ( ١٧ )**

**یەکـــەم:** وەزارەتـی تەندروسـتی هەڵدەسـتێ بـە دروسـتکردنی نوسینگەیەك بـۆ خزمەتگوزاری قوتابخانـەی دەروونـی و کۆمەڵایـەتی لـە سـەنتەری هـەر پارێزگایـەك لـە نێـو پێکهاتووەکـانی تەندروسـتی قوتابخانـەکان ، مانـای بـۆ خوێندنـــەوەو چارەســـەرکردنی نەوجـــەوانانی پەنهانـــەو

تووشهاتووەکان لە کەتنکردن ئەوانەی کە بۆی هەوڵ ئەدەن لە کارگێریەکانی قوتابخانەکان و هەر لایەنیکیتر.

دووەم: نوسینگەی خزمەتگوزاریەکانی قوتابخانەکانی دەروونی کۆمەلایەتی پێکدێت بە بڕیاری وەزیری تەندروستی لە :

ا ـ دکتۆرێکی تایبەتمەند یاخود پیشەگەڕ لە نەخۆشیەکانی دەروونی و دەمارگیری یاخود دکتۆری منالآن لە کاتی پێویستدا.

ب ـ کەسی تایبەتمەند لە بواری شیکردنەوەی دەروونی و زانستی دەروونی.

ج ـژمارەیەك لە توێژینەوەرانی کۆمەلآیەتی.

**ماددەی ( ١٨ )**

یەکەم /نوسینگە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی و دەروونی و توێژینەوەی کۆمەلآیەتی بۆ نەوجەوان بە داواکاریەکی کارگێری قوتابخانە بەو پێیەی خوارەوە :

ا ـ پشکنینی جەستەو هۆش و دەروونی نەوجەوان بۆ دەستنیشانکردنی ئەو نەخۆشیانەی سکالای لێیان هەیە وە ئاشکراکردنی حالەتی عەقلی گەشە سەندنی هەڵچوونی وە ئاستی هەستکردنی لە سروشتی کارەکەی کە لادانە لە یاسا وە ڕپۆرتێکی چارەسەرکردنی پێوویست بۆی.

ب ـــ خوێندنـــەوەی حالـــەتی کۆمەڵایـــەتی نەوجـــەوان وە خوێندنەوەی ئەو سرووشتەی کە تیایا ئەژی وە ئاشکراکردنی ئاستی پەیوەندیبوونیان بەو تاوانە ئەنجامدراوە.

دووەم: ڕێکخـستنی ڕاپـۆرتێکی تێروتەسەل لەسـەر حالـەتی جەسـتەیی و عـەقڵی و دەروونـی و کۆمەڵایـەتی وە ئـەو هۆیانـەی کـە هـانی داوە بـۆ ئەنجامـدانی ئـەو تاوانـە وە تـــەگبیرکردنێك پێـــشنیارکراو بـــۆ چارەســـەر و چاودێریکردنی.

ماددەی (١٩)

یەکـەم: بـۆ نوسینگە هەیە بانگهێشتی باوان نەوجەوان بکـات ئاگـاداری بکاتــەوە لەســەر ئــەو ڕاپۆرتــەی ئامــادەکراوە دەربارەی وە داوای لێبکات هاوکاری بکات لە تێگەیشتنی کێــشەی ئــەو نەوجەوانــە تــا یارمــەتی بــدات بــۆ چارەسەرکردنی.

دووەم: ئەگەر دەرکەوت باوان هاوکاری ناکات لەگەڵ نوسینگە یاخود کێشەی ئەو نەوجەوانە باس بکات یاخود دانیپیانا لە پشتگوێخستنی ئەرکی سەرشانی بۆ نوسینگە هەیە کە داوا بکـات لـە دادوەری لێکۆڵینـەوە نەوجـەوانان یـاخود داواکـاری گـشتی بـە ئەنجامـدانی کـاری پێوویـست دژی باوان بە پێی ئەحکامەکانی ئەو یاسایە.

**ماددەی ( ٢٠ )**

**یەکەم:** ئەگەر نوسینگە بینی کەوا حالەتی نەوجەوان پێوویستی بە چاودێریکردن هەیە بۆی هەیە هانا ببات بۆ بەشی چاودێری خورەوشت.

**دووەم:** چاودێری ڕەوشت هەڵدەستێ بە چاودێریکردنی حالەتی نەوجەوان بۆ ماوەیەك نابێت لە شەشە مانگ زیاتر بێت پاشان لەو میانەدا ڕاپۆرتێکی مانگانە بەرز بکاتەوە بۆ نوسینگەی خزمەت گوزاریەکانی قوتابخانەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی هەموو ڕەوشتی لە خۆ بگرێت لە گۆڕانکاریەکان.

**ماددەی ( ٢١ )**

**یەکەم:** بۆ هەر قوتابخانەیەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی دابمەزرێت بەر پرس دەبێت لەسەر دەست نیشانکردنی نەوجەوانانی پەنهانە لە قوتابخانە وە کارکردن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانیان ، وە لە کاتی پێوویستدا دەکرێت یەکێك لە ئەندامانی دەستەی خوێندنگا هەڵسێ بەو کارە.

**دووەم:** ئەگەر پۆزشێك لەسەر لێپرسراوەکە لەو قوتابخانە هەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەوجەوان بۆیە پێوویستە لەسەری پێشکەش بە نوسینگەی خزمەتگوزاری قوتابخانەی دەرونی و کۆمەڵایەتی بکات.

ماددەی (٢٢)

یەکـــەم: یـەکێتی گـشتی ئافرەتـان لێژنـەکان پێکـدێنێت بـۆ ڕاوێـــژکردنی خێزانـــی دەربـــارەی پەیوەندیـــەکانی هاوسەرگیری و پەروەردەکردنی منالآن و کێشەکانیان.

دووەم: یەکێتی گشتی لاوان بە هەمەهانگی لەگەڵ یەکێتی گشتی ئافرەتـان لێژنەکانی پاراستنی نەوجەوانان پێکدێنێت بۆ ئەم کارانەی خوارەوە :

أ ــ بەشـداربوون لـە سەرپەرشـتیکردن لەسـەر چـاودێریکردنی نەوجەوانان لـە خێزانـە شـوێنگرەوەکان لـە حالـەتی لەدەستدانی باوانی.

ب ـــ یارمەتیـــدانی بـــەڕێوەبردنی قوتابخانـــەکان لـــە دەســـت نیشانکردنی نەوجەوانانی پەنهانە وە چارەسەرکردنیان بەو پێی ئامۆژگاریەکانی نوسینگەی خزمەتگوزاری قوتابخانەی دەروونی و کۆمەلأیەتی.

ج ــ یارمەتیـدانی لایەنـەکانی تایبەتمەنـدی بـۆ سـەرکەوتنی چاودێری ڕەوشتی و چاودێری داهاتوو.

هـ ـــ هاوکـــاریکردن لەگـــەڵ پۆلیـــسی نەوجـــەوانان لـــە دەستنیشانکردنی نەوجەوانانی پەنهانـە یـاخود تووشهاتووانی کـەتنکردن وە هەوالدان لەسـەر ئـەو کەسانەی بـاوانن کـە کـاری ناشیرین ئەکەن بەرامبەر بە نەوجەوان لە ناو خێزانەکانیاندا.

ماددەی (٢٣)

یەکەم: پۆلیسی نەوجەوانان هەڵدەستێ بە بەدواداچوون لەسەر منادالآنی سەر لێشێواو هەلاتوو لە ناو خێزانەکانیان وە پشتگوێخراوەکان وە نوورین لەسەر نەوجەوانانی تووشهاتووی کەتنکردن لەو شوێنانەی سەرنجی نەوجەوانان ڕادەکێشێ وەك چایخانەکان و مەیخانەکان و تیاترۆخانەکان سینەماکان لە کاتە درەنگەکانی شەودا.

دووەم: ئەرکی پۆلیسی نەوجەوانانە بە گەیاندنی منداڵ یاخود نەوجەوان لە کاتی دۆزینەوەی لەو شوێنانەی تووشی کەتنی دەکات بۆ دەست کەس و کاریان.

## بەشی دووەم

## پەرتەوازە یی و لە ڕەوشت لادان

ماددەی (٢٤)

یەکەم: منداڵ و نەوجەوان بە پەرتەوازەیی دائەنرێت ئەگەر :

أ – بینرا دەرۆزە دەکات لە شوێنە گشتیەکان یاخود شوێنێکی جەستەی وانیشان دەدات کە برینداربووە یاخود فرۆفێل بەکاردێنێ وەك هۆیەك بۆ ڕاکێشانی سۆزی خەڵك بۆ مەبەستی دەرۆزەکردن.

ب- کاری دەستگێڕیکردن و بۆیەکردنی پێڵاو یاخود فرۆشتنی جگەرە یاخود هەر پیشەیەکیتر تووشی کەتنکردنی بکات ، ئەوکاتە تەمەنی لە پانزە ساڵی کەمتربێت.

ج- هیچ شوێنێکی نیشتەجێبوونی دیار نەکردبێت یاخود شوێنەکانی گشتی شوێنی حەوانەوەی بێت.

د- هیچ وەسیلەیەکی شەرعی نیە بۆ ژیانی وە باوانێکی نیە.

ه- ئەو ماڵەی یاخود ئەو شوێنەی کە ئەو لێی دانراوە جێهێشتووە بەبێ بوونی هیچ هۆیەك.

**دووەم:** منداڵ بە پەرتەوازە دادەنرێت ئەگەر هاتوو هەر کارێکیتری کرد لەگەڵ کەسانێك کە هیچ پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ نەبوون.

**ماددەی (٢٥)**

منداڵ و نەوجەوان بە ڕەوشت لادان دائەنرێت ئەگەر :

**یەکەم:** هەڵسا بە کارکردن لە شوێنەکانی داوێن پیسی و قومارکردن و مەی خواردنەوە.

**دووەم:** تێکەڵ بوونی لەگەڵ ئەوانەی پەرتەوازە بوونە ناو ناوبانگیان لە بەد ڕەوشتی دەرکردووە.

**سێیەم:** بێسەرپەرشت بووە لەسەر دەسەڵاتی باوانی.

**ماددەی ( ٢٦ )**

ئەگەر هاتوو منداڵ یاخود نەوجەوان بینرا لەو حالەتانەی دیاریکراوە لە هەر دوو مادەی ( ٢٤ و ٢٥ ) ی ئەو یاسایە ، هەواڵەی دادوەری لێکۆڵینەوە دەکرێت لە دادگای نەوجەوانان کە بڕیاری کۆتایی دەردەکات پاش وەرگرتنی ڕاپۆرتی نوسینگەی خوێندنەوەی کەسایەتی بەو پێیانەی خوارەوە :

**یەکەم:**

أ- دانەوەی منداڵ یاخود نەوجەوان بە کەس و کاری بۆ ئەوەی هەڵسێت بە ڕاپەڕاندنی ئەوەی کە دادگا بڕیاری لەسەر دەدات لە ئامۆژگاریەکان لە ژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتی نوسینگەی خوێندنەوەی کەسایەتی بۆ دابینکردنی باشترین پەروەردەو ڕەوشت بە پێی بەڵێننامەی دارایی گونجاو.

ب- دانەوەی منداڵ یاخود نەوجەوان لە کاتی نەبوونی کەسی باوان بۆی یاخود لە کاتی پابەند نەبوونی بەو بەڵێننامەی کە دەقەکەی لە بەندی (أ) بڕگەی ( یەك )ی ئەو مادەیە داهاتووە بۆ نزیکترین کەسی لە خزمانی چاك ئەویش لەسەر داواکاری خۆی بۆ ئەو هەڵسێت بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا لە ئامۆژگاریەکان لە ژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتی نوسینگەی خوێندنەوەی کەسایەتی بۆ دابینکردنی باشترین

پـەروەردە و ڕەوشـتی چـاك بـە پێـی بەڵێننامەیـەكی دارایـی گونجاو.

ج- بۆ دادگـا هەیـە كـە بڕیاربـدات بـە چـاودێریكردنی دەقـی بەڵێننامەكـە لـە هـەردوو بەنـدی (أ و ب ) ی ئـەو بڕگەیـە لەمـەڕ چاودێری ڕەوشت.

دووەم: ئەگەر باوان یاخود خزمان پابەند نەبوون بەمەرجەكانی بەڵێننامەكـە كـە بـەو پێیـە منـداڵ یـاخود نەوجـەوان درا بەدەسـت ئـەوان ، لەسـەر دادگـا پێوویـستە ئـەم بڕیارانـە بدات :

أ - ناچاركردنی بەڵێنـدەر بـە بـژاردنی بـڕی پـارەی دڵنیـابوون هەموو یاخود بەشێكی.

ب- سـپاردنی منـداڵ یـاخود نەوجـەوان لـەو خانـەی تایبەتكراوانەی وولآت بۆ هەر یەكێكیان كە دەقەكەی هاتووە لـە یاسـای چـاودێری كۆمەڵایـەتی یـاخود هـەر خانەیـەكیتری كۆمەڵایەتی بێت كە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەكرابێت.

سـێیەم: ئەگـەر دادگـا ڕازی نـەبوو بـە دانـەوەی منـداڵ یـاخود نەوجـەوان بـە پێـی ئـەحكامـەكانی بڕگـەی (یەكـەم )ی ئـەو مادەیە هاوشێوەكەی دەربـارەی ئـەحكامی بەنـدی (ب) لـە بڕگەی (دووەم).

چوارەم: ئەگەر هاتوو منداڵ یاخود نەوجەوان پەرتـەواز تووشـی نەخۆشـی عـەقلی ببـوو لەسـەر دادگـای نەوجـەوانان

پێوویستە بڕیاربدات بە سپاردنی یەکێك لە پەیمانگاکانی تەندروستی یاخود کۆمەڵایەتی ئامادەکراو بۆ ئەو مەبەستە.

**ماددەی ( ٢٧ )**

ئەگەر دەرکەوت منداڵ یاخود نەوجەوان ئەوانەی سپاردراون بە پێی ئەحکامی مادەی (٢٦) ی ئەو یاسایە خزمی نزیکی هەبوو وە داوای کرد بە ئەو ڕابسپێردرێت ، لەسەر دادگای نەوجەوانان پێوویستە دوای چاودێری کردنی بەرژەوەندی نەوجەوان کە ڕادەستی ئەو بکاتەوە بۆ دابینکردنی پەروەردەو ڕەوشتێکی دروست بە پێی بەڵێننامەیەکی دارایی گونجاو ، وە بۆ دادگای نەوجەوانان دەبێت کەوا چاودێری جێبەجێکردنی ئەو بەڵێننامەیە بکات بە هۆی چاودێری ڕەوشت یاخود توێژەرێکی کۆمەڵایەتی بۆ ماوەیەکی گونجاو.

**ماددەی ( ٢٨ )**

بۆ دادگای نەوجەوانان هەیە لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی پێشکەش کراوە لە لایەن بەڕێوەبەری خانەی پێسپاردراوی منداڵ ونەجەوان یاخود لەسەر داوای نەوجەوان یاخود خزمانی یاخود کەسی بەڵێندەر بە پەروەردەکردنی کە چاو بخشێنێتەوە بەو بڕیارەی کە دەرچووە بەپێی ئەحکامەکانی مادەی (٢٦) ی ئەو یاسایە کە هەمواری بکات کە چۆن بگونجێت وە بەرژەوەندی نەوجەوان بێت.

# بەشی سێیەم

# لێپرسراویەتی کەسانی باوانی

**ماددەی ( ٢٩ )**

**یەکەم:** ئەو کەسە سزا دەدرێت بە پێبژاردنی کە لە سەد دینار کەمتر نەبێت وە لە پێنج سەد دینار زیاتر نەبێت هەر باوانێک منداڵ یاخود نەوجەوان پشتگوێ بخات بە تەواوەتی بووە هۆی پەرتەوازەبوونی یاخود لادانی لە ڕەوشت.

**دووەم:** سزای پێبژاردنەکە دەبێت کەمتر نەبێت لە سەد دینار وە زیاتر نەبێت لە هەزار دینار ئەگەر بە هۆی ئەو پشتگوێ خستنە نەوجەوان کەتنێک یاخود جینایەتێکی بە ئەنقەست ئەنجامدا.

**ماددەی ( ٣٠ )**

ئەو کەسە سزا دەدرێت بە بەندکردن بە ماوەیەک کە زیاتر نەبێت لە ساڵێک یاخود بە پێبژاردنی کە کەمتر نەبێت لە سەد دینار وە زیاتر نەبێت لە پێنج سەد دینار هەر باوانێک هانی منداڵێک یاخود نەوجەوانێک بدات بۆ پەرتەوازەبوونی یاخود لادانی لە ڕەوشت(*).

---

(*) وەک تێبینی دەکرێت بڕی ئەو پارەیەی لێرە دیاریکراوە لە مادەکانی ( ٢٩ و ٣٠ ) بۆ ئەمڕۆ ناگونجێت دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی دادگا پابەند نەبێت بەو پارەیە دادوەر خۆی دیارییبکات.

# بەشی چوارەم
# لێسەندنەوەی باوانی

**ماددەی ( ٣١ )**

لەسەر دادگای نەوجەوانان پێویستە کە بڕیار بدات بە لێسەندنەوەی باوانی لەسەر منداڵ یاخود نەوجەوان ئەگەر باوان سزادرا بە تاوانێک لە تاوانەکانی لەکەدارکردنی ڕەوشت و ئادابی گشتی یاخود بە یەکێك لە تاوانەکانی کە دەقەکەی هاتووە لە یاسای داوێن پیسی ئەوکاتە منداڵ یاخود نەوجەوان ئەو تاوانلێکراوە لە هەموو ئەو تاوانانەدا.

**ماددەی ( ٣٢ )**

بۆ دادگای نەوجەوانان هەیە لەسەر داواکاری یەکێك لە خزمەکانی منداڵ یاخود نەوجەوان یاخود داواکاری گشتی کە بڕیار بدات بە لێسەندنەوەی باوانی لەسەر منداڵ یاخود نەوجەوان بۆ ماوەیەك کە هەڵئەسەنگێندرێت لەو حاڵەتانەی خوارەوە:

**یەکەم:** ئەگەر باوان حوکمدرا بە تاوانێك لە تاوانەکانی لەکەدار بوونی ڕەوشت و ئادابی گشتی.

**دووەم:** ئەگەر باوان حوکمدرا بە تاوانی دەست درێژیکردن بۆ سەر کەسێکی منداڵ یاخود نەوجەوان بە بریندار کردن

یاخود بە لێدانێکی توندو تیژی یاخود بە ئازاردانێکی بە ئەنقەست.

**سێیەم:** ئەگەر باوان حوکمدرا بە پێی ئەحکامی مادەی (٣٠) ی ئەو یاسایە.

**چوارەم:** ئەگەر باوان حوکمدرا بەتاوانی جینات بە ئەنقەست بە سزایەکی نەرێ بۆ ئازادی بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە سێ ساڵ.

**ماددەی ( ٣٣ )**

ئەگەر دادگای نەوجەوانان بڕیاریدا بە لێسەندنەوەی باوانی لەسەر منداڵ یاخود نەوجەوان وە لەسەری پێوویستە ئاگاداری دادگای باری کەسایەتی بکات بۆ گرتنەبەری ڕێکاریەکانی پێوویستیە یاسایەکان.

**ماددەی ( ٣٤ )**

**یەکەم:** لەسەر دادگای نەوجەوانان پێوویستە بەر لەوەی بڕیاری حوکمی لێسەندنەوە دەربکات داوا لە نوسینگەی خوێندنەوەی کەسایەتی بکات ، بە ئەنجامدانی بە دواداچوونی کۆمەڵایەتی و پشکنینی پزیشکی و دەروونی بۆ منداڵ یاخود نەوجەوان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ئاستە کاریگەریەی لێسەندنەوەی باوانی چەندە وە ئەنجامدانی پێشنیارکردن تا دادگا بیگرێتە بەر.

دووەم: بۆ دادگای نەوجەوانان هەیە پاش پێداچوونەوەی لەسەر
راپۆرتی نوسینگەی خوێندنەوەی کەسایەتی بڕیار لەسەر
یەکێك لەمانە بدات:

ا ــ رادەستکردنی منداڵ یاخود نەوجەوان بۆ باوانێکیتر وە لە حالەتی بوونی نەبوو بە کەسێکی نزیکی ئەو بدرێت.

ب ــ سپاردنی منداڵ یاخود نەوجەوان بە یەکێك لە خانەکانی وولات یاخود هەر خانەیەکیتری کۆمەڵایەتی کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکرابێت.

سێیەم: لەسەر دادگای نەوجەوانان پێویستە کە داوای
توێژەرێکی کۆمەڵایەتی بکات یاخود چاودێری ڕەوشت
هەموو مانگێك راپۆرتێك بدات لەسەر حالەتی منداڵ
یاخود نەوجەوان وە ئاستی کاریگەری چەند بووە لەسەر
لێسەندنەوەی باوانی، وە چ پێشنیارێك دەکات بۆ گرتنە
بەر بۆ تەگبیرکردن تاوەکو بەرژەوەندیەکانی بێتەدی.

ماددەی (٣٥)

لەسەر دادگای نەوجەوانان پێویستە کە بڕیاربدات بە سنووردانان بۆ باوانی لەسەر منداڵ یاخود نەوجەوان ئەگەر وا لەبار بوو کە بەرژەوەندیەکان وابخوازێت.

**ماددەی ( ٣٦ )**

**یەکەم:** سنووری باوانی ئەو کاتە تەواو دەبێت بە ناچارکردنی باوان بە چاودێریکردنی نەوجەوان بە پێی ئەو مەرجانەی دادگـــای نەوجـــەوانان دیـــاری دەکـــات وە چـــاودێری جێبەجێکردنی دەکات بە هۆی چاودێری ڕەوشت یاخود توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ ئەو ماوەیەی لەگەڵی بگونجێ.

**دووەم:** ئەگـەر دادگـای نەوجـەوانان بینـی کـەوا باوان کـە پابەنـد نابێت بە جێبەجێکردنی مەجەکانی چاودێری ، لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی چاودێری ڕەوشت یاخود توێژەری کۆمەڵایـەتی یـاخود لەســەر داوای داواکـاری گـشتی ئـەو کاتـە بڕیـار دەدات بە لێسەندنەوەی باوانیەتیەکەی.

**ماددەی ( ٣٧ )**

بۆ دادگای نەوجەوانان هەیە کەوا بڕیار بدات بە گـۆڕینی باوان یـاخود ئەجامکاریـەکان بگۆڕێـت لەمــەر ئـەوەوە یــاخود بــۆی ڕاسـتکاتەوە یـاخود هەڵیوەشـێنێتەوە ئەگـەر ئـەوە بەرژەوەنـدی منداڵ یاخود نەوجەوان بێنێتەدی.

**ماددەی ( ٣٨ )**

هـەموو ڕێکاریـەکانی لەسەر لێسەندنەوەی باوانی کـە کۆبۆتـەوە کۆتایی دێت لە کاتی کە منداڵ یاخود نەوجەوان تەمـەنی هـەژدە ساڵی تەواو دەکات.

# بەشی پێنجەم
## وە ئۆبالْ گرتن *

ماددەی ( ٣٩ )

بۆ هەردوو هاوسەر دەبێت کەوا داواکاریەك پێشکەش بکەن بە دادگای نەوجەوانان بۆ وەئۆباڵگرتنی منداڵێکی بیّ دایك و باوك یـاخود نەناسـراوی وەچـە وە لەسـەر دادگـای نەوجـەوانان پێووسـتە پـێش ئـەوەی بڕیارێـك دەربکـات بـۆ وە ئۆبـاڵگرتن لێکۆڵینـەوە بکـات کـەوا ئەوانـەی داوای وە ئۆبـاڵگرتن دەکـەن دەبێـت عێراقـی و ناسـراو بـن بـە باشـی ڕەوشـت و ژیـربن وە هـەردووکیان بـە دوور بـن لـە نەخۆشیەکان وە توانایـان هـەبێت لەسـەر بـەخێوکردنی ئـەو منداڵـە و پـەروەردەکردنی وە نیـەتی پاکیان هەبێت بۆ ئەو دەستەبەرکردنە.

ماددەی ( ٤٠ )

دادگای نەوجەوانان بڕیاری خۆی دەردەکات بە وەئۆباڵگرتن بە شـێوەیەکی کـاتی وە بـۆ ماوەیـەکی تاقیکردنـەوە کـە ماوەکـەی شەش مانگ درێژتر نـەبێت وە دەکرێـت بە نوێکردنـەوەی شـەش مـانگیتر ، وە دادگـا لـەو ماوەیـەدا توێـژەری کۆمەڵایـەتی بـەلانی کەم مانگی جارێك ڕەوانەی مـاڵی ئـەو دوو هاوسـەرە دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لە ئارەزووبوونی ئەو منداڵە بە ئەو وەئۆباڵگرتنە وە

یـا ئـەو چـاودێریکردنە وە بـۆ ئـەوەش هـەموارکراوێکی تێـرو تەسەڵ بە دادگا دەدات.

**ماددەی ( ٤١ )**

ئەگەر هەردوو هاوسەر دادخوازبوون یاخود یەکێکیان ئارەزووی هەبوو بۆ وەئۆباڵگرتنی ئەو منداڵە لە ماوەی تاقیکردنەوە یاخود دەرکەوت بۆ دادگای نەوجەوانان کەوا ئەو بەرژەوەندیە لەوەدا نەهاتۆتەدی بۆی هەیە بڕیارەکەی هەڵوەشێنێتەوە لە ئۆباڵگرتن وە ئەو منداڵە ڕادەستی هەر دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بکات کە ئامادەکراوە بۆ ئەو مەبەستە.

**ماددەی ( ٤٢ )**

ئەگـەر دادگـای نەوجـەوانان بینـی دوای تـەواوبوونی مـاوەی تاقیکردنـەوە کـەوا بەرژەوەنـدی ئـەو منداڵـە تـەواو هاتۆتـەدی بڕیاردەدات بە ئۆباڵگرتن.

**ماددەی ( ٤٣ )**

بۆ ئەوانەی منداڵێك وە ئۆباڵ دەگرن ئەمانەی خوارەوەیان لەسەر کۆدەبێتەوە دەبێت پابەند بن :ـ

یەکـەم /هـەموو خەرجیـەکان لـە ئەستۆ بگـرن تـا ئـەو منداڵـە تـا کچێك دەخوازێ یاخود کاردەکات وە تـا دەگاتە تەمـەنی گـەنجی وەك هاوشـێوەکانی مادامـەکی داوای زانـست ناکـات یـاخود توانای خۆ بەخێوکردنی نیە ئەویش بەهۆی بوونی نەخۆشـەیەك

لــە جەســتەی یــاخود عــەقڵی وە لــەو حالەتــەدا خەرجیــەکانی بــەردەوام دەبێــت تــا ئــەو کاتــەی داوای زانــست دەکــات بــە بڕوانامــەی ئامــادەیی بــەرزترین ئاستی یــاخود هەراشبوونی کــە یارمەتیــدەرە بــۆ وەدەســتهێنان تــا دەگاتــەی ئەوکاتــەی توانــای نامێنێت بۆ وەدەستهێنان.

دووەم: پێدان بەو منداڵە بگاتە ئاستی کەمترین میراتگر وە نابێت زیــاتر بێــت لــە یــەك لــە ســەر ســێی بەجێماوەکــە ئــەوەش ئەرکی خۆیەتی هیچ گەڕانەوەی بۆ نیە.

**ماددەی ( ٤٤ )**

بڕیــاردان بــە وەچــەکردنی نەناســراوی وەچــە لەبــەردەم دادگــای نەوجەوانان دەبێت بە پێی یاسای باری شارستانیەتی.

**ماددەی ( ٤٥ )**

منــداڵ نەناســراوی وەچــە دادەنرێــت بــە موســڵمانی عێراقــی لەبەرئەوەی هیچ شتێك بە پێچەوانەی ئەو سەلماندنە نیە.

**ماددەی ( ٤٦ )**

لەســەر دادگــای نەوجــەوانان پێوویــستە بــە نــاردنی وێنەیــەك لــە بڕیارەکــەیان لــە وەئۆبالگرتن یاخود بڕیاردان بە وەچەکردن بــۆ بەڕێوەبەرایــەتی ڕەگەزنامــە و بــاری شارســتانی گــشتی بــۆ تۆمارکردن لە تۆمارەکانیدا.

# دەروازەی چوارەم
# دادگای نەوجەوانان
## بەشی یەکەم
## لێکۆڵینەوە

**ماددەی ( ٤٧ )(*)**

**یەکەم:** داوای سزایی تۆمار ناکرێت لە هەرێمی کوردستان لەسەر کەسێك کە لە کاتی کردنی تاوانەکان تەمەنی یانزە ساڵی تەواو نەکردبێت.

**دووەم:** ئەگەر منداڵێك کارێکی کرد کە یاسا سزای بۆ دانابوو لەسەر دادگا پێویستە کە ڕادەستی باوانی بکاتەوە کە ئەو هەڵسێ بە جێبەجێکردنی ئەوەی کە دادگا بڕیاری لەسەر دەدات لە ئامۆژگاریەکان بۆ پارێزگاریکردنی چاك کردنی ڕەوشتی بە پێی بەڵێننامەیەك کە دیاریکراوە بە دابینکردنی دارایی کە لە سەد دینار کەمتر نەبێت وە لە پێنج سەد دینار زیاتر نەبێت بۆ ماوەیەك لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت وە لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت.

---

(*) ئەو مادەیە هەموارکراوە بە گوێرەی یاسای ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٠١ کە لە ڕۆژی ٢٠٠١/١٠/١١ دەرچووە لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ، دەقی ئەو هەموارکردنە لە کۆتایی ئەو یاسایەدا بخوێنەوە.

**ماددەی ( ٤٨ )**
هەر لەو کاتەی نەوجەوان دەستگیر دەکرێت ڕادەستی پۆلیسی نەوجەوانان دەکرێت لەو شوێنانەی پۆلیسی نەوجەوانان بوونی هەیە بۆ ئەوەی هەڵسێت بە ئامادەکردنی لە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە یاخود دادگای نەوجەوانان.

**ماددەی ( ٤٩ )**
**یەکەم:** لە لێکۆڵینەوەکردن لە کێشەکانی نەوجەوانان دادوەری لێکۆڵینەوەی نەوجەوانان پێی هەڵدەستێ ، وە لە حالەتی بوونی نەبوو دادوەری لێکۆڵینەوە یاخود لێکۆڵەر پێی هەڵدەستێ.
**دووەم:** دەکرێت دادگایەکی نەوجەوانان پێك بهێنرێت بە بڕیاری وەزیری داد لەو شوێنانەی کە دیاری دەکات.

**ماددەی ( ٥٠ )**
دەکرێ لێکۆڵینەوە بکرێت بە بێ ئامادەبوونی نەوجەوان لە تاوانەکانی لەکەدار کردنی ڕەوشت و ئادابی گشتی وە بە ئامادەبوونی هەرکەسێك لەو لێکۆڵینەوە بۆ بەرگریکردنی لێی، وە پێوویستە لەسەر دادگای لێکۆڵینەوە ئاگاداری نەوجەوان بکات بەو ڕێکاریانەی دەرهەق بە ئەو کراوە.

**ماددەی ( ٥١ )**
**یەکەم:** لەسەر دادگای لێکۆڵینەوە پێوویستە لە کاتی تۆمەتبارکردنی نەوجەوان ئەو بەڵگانە بەسن بۆ

هەواڵـەکردنی بـۆ دادگـای نەوجـەوانان کـە ڕەوانـەی نوسینگەی خوێندنەوەی کەسایەتی بکات.

دووەم: بـۆ دادوەری لێکۆڵینـەوە هەیـە لـە کـاتی تۆمـەتبارکردنی نەوجـەوان بـە کردنـی کـەتنێك کـە ڕەوانـەی نوسـینگەی خوێندنـەوەی کەسایەتی بکات ئەگەر هاتوو ئەو بەڵگانـە بەس بوون بۆ هەواڵەکردنی لەسەر دادگـای نەوجـەوانان ئـەو کـاتی بـارودۆخی کێـشەکە یـاخود هەواڵـەکردنی نەوجەوانەکە وا پێوویستی کرد.

**ماددەی (٥٢)**

**یەکـــەم:** نەوجـــەوان ڕاگـــیر ناکرێـــت لـــە ســـەر تاوانـــەکانی سەرپێـــچیکردن ، وە دەکـــرێ ڕاگـــیر بکرێـــت لەســـەر تاوانـەکانی کـەتن و جینایـات بـۆ مەبەسـتی پـشکنینی و خوێندنـــەوەی کەســـایەتی یـــاخود لـــەکاتی دەســـتەبەر (کفیل)ی نەبوو.

**دووەم:** نەوجەوانی تۆمەتبار ڕاگیردەکرێت لە تاوانی جینایات کە ســـزاکەی لـــە ســـێدارەدان بێـــت ئەگـــەر هـــاتوو تەمـــەنی لەسەرووی چوارده ساڵی بوو.

**سێیەم:** بڕیاری ڕاگیرکردن جێبەجێ دەکرێت لە خانەی تێبینـی، بـــەڵام لـــەو شـــوێنانەی کـــەوا خانـــەی تێبینـــی لـــێ نیـــە نـەگیرکردن دەکرێـت بـۆ ڕێگـە گـرتن لـە تێکـەڵ نـەبوونی

نەوجەوان لەگەڵ ڕاگیرکراوەکان ئەوانەی تەمەنی یاساییان تەواو کردووە.

ماددەی (٥٣)

ئەگەر نەوجەوان تۆمەتبار کرا لەگەڵ یەکێك لەوانەی تەمەنی یاساییان تەواو کردووە بەکردنی تاوانێك بۆیە پێوویستە لەسەر دادوەری لێکۆڵینەوە داوایەکە لێك جیاکاتەوە وە هەریەکەو هەواڵەی دادگای تایبەتمەند بکات.

## بەشی دووەم

## دادگایکردن

ماددەی (٥٤)(*)

دادگای نەوجەوانان ئەبەسترێت بە سەرۆکایەتی دادوەرێك لە پۆلینی سێیەم وە بەلای کەمی دوو ئەندام یەکێکیان یاسایی بێت ئەویتریان تایبەتمەند بێت بەو زانستەی پەیوەندی هەیە بەکاروباری نەوجەوانان، کە خاوەن ئەزموون بن کە لە پێنج ساڵ مەتر نەبێت، سەیری تاوانەکانی جینایات دەکات وە لێکی جیادەکاتەوە بە سیفەتی تەمییزی بە بڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە بە پێی ئەحکامەکانی ئەو یاسایە.

---

(*) ئەو مادەیە هەڵوەشاوەتەوە بە پێی مادەی (١) لە یاسایهەموارکراوی پێنجەم لە یاسای چاودێری نەوجەواناننژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٢ و ژمارەکەی ٢١ کە دەرچووە لە ١٩٩٨ ئەوەی سەرەوە شوێنی گرتۆتەوە.

**ماددەی ( ٥٥ )**

نـاو ئـەنرێن بــە ســەرۆك و ئەنـدامانی دادگـای نەوجــەوانانی بنـەڕەتی و یـەدەگ بـە ڕگەیانـدراوێك لـە لایـەن وەزیـری دادەوە دەردەچـێت لەســەر داوای پێــشنیاری ســەرۆکی دادگــای تێهەڵچونەوە ( استئناف).

**ماددەی ( ٥٦ )**

دادوەری دادگــای نەوجــەوانان ســەیری تاوانــەکانی کــەتن و کێـشەکانی پەنهانــە و لادراوەکــان لــە ڕەوشــت و کێـشەکانیتر دەکات کە لەو یاسایە دەقەکەی هاتووە.

**ماددەی ( ٥٧ )**

دادوەری کـەتن سەیری یەکـە کارگێڕیـەکان دەکـات ئەوانـەی لـە دادگـای نەوجـەوانان بوونیـان نیـە لـە سەرپێـچیەکان و کـەتن کەلەسەری سزا درابێت بە بەنـدکردن کـە ماوەکـەی لـە سـێ سـاڵ زیـاتر نـەبێت وە جێبـەجێ دەکرێـت دەربـارەی ئـەحکامی ئـەو یاسایە.

**ماددەی ( ٥٨ )**

دادگـایکردنی نەوجـەوان لـە دانیـشتنێکی نهێنـی دەکرێـت بـە ئامادەبوونی باوانی یاخود یەکێك لە خزمەکانی ئەگەر هەبوو وە ئـەوەی دادگـا پێـی بـاش بـوو بـۆ ئامـادەبوونی لـەو کەسـانەی تایبەتمەندن بە کاروباری نەوجەوانان.

**ماددەی (٥٩)**
دادگای نەوجەوانان بۆی هەیە بە ئەنجامدانی دادگایکردن بە بێ ڕووبەڕووبوونەوەی نەوجەوان لە تاوانەکانی لەکەدارکردنی ڕەوشت و ئادابی گشتی وە لەسەر ئەوانەی ئامادە دەبن لە دادگا مافیان هەیە بۆ بەرگریکردن لەبەردەم دادگا.

**ماددەی (٦٠)**
لەسەر دادگای نەوجەوانان پێویستە ڕەزامەند بێت بۆ بەرگریکردن لەسەرباوانی نەوجەوان یاخود یەکێك لە خزمانی یاخود یەکێك لە نوێنەری دامەزراوەکانی کۆمەڵایەتی بە بێ پێویست بوون بە دەستەبری نووسراو ، لەگەڵ چاودێریکردنی ئەحکامەکانی مادەی (١٤٤) لە یاسای بنەمای دادگایەکانی سزایی.

**ماددەی (٦١)**
**یەکەم:** لەسەر نوسینگەی خوێندنەوەی کەسایەتی پێویستە کەسێك بنێرێت بە نوێنەر بۆ ئامادەبوونی لە دادگایکردنەکە و چاودێریکردنی ڕاپەوەکەی لە هەر داوایەك کە ڕاپۆرت پێشکەش کراوە.

**دووەم:** ئەگەر نوێنەری نوسینگە بینی کەوا تەگبیری پێشنیارکراو لە ڕاپۆرتەکە پێویستی بە هەموارکردنە لە ژێر ڕۆشنایی دۆزینەوەی لە بارودۆخەکە لە کاتی

دادگایکردنەکە بۆیە پێوویستە کە ڕاپۆرتێکی هەموارکراو پێشکەش بکات دوای مشاوەرەکردن لەگەڵ نوسینگەی خوێندنەوەی کەسایەتی.

**ماددەی (٦٢)**

دادگای نەوجەوانان بڕیار دەردەکات لەو داوایە بەرەچاوکردنی بارودۆخی نەوجەوان لە ژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتی نوسینگەی خوێندنەوەی کەسایەتی.

**ماددەی (٦٣)**

یەکەم/ نابێت ناوی نەوجەوان یاخود ناونیشان یاخود ناوی قوتابخانەکەی ڕابگەیێندرێت یاخود وێنەی بگیرێت یاخود هەر شتێك ببێتە هۆی ناسینەوەی ناسنامەکەی.

دووەم: سەرپێچیکەر سزا دەدرێت بە ئەحکامەکانی (یەکەم)ی ئەو مادەیە بە بەندکردنی ماوەیەك کە لە ساڵێك زیاتر نەبێت وە بە پێبژاردنی لە پێنج سەد دینار زیاتر نەبێت.

**ماددەی (٦٤)**

بۆ دادگای نەوجەوانان هەیە مۆڵەت وەربگرێت لە کەسانی تایبەتمەند لە کاروباری نەوجەوانان بۆ چاوپێخشاندن لەسەر دۆسیەی ئەو سکالاّیانەی تایبەتن بە نەوجەوان بۆ مەبەستی ئەنجامدانی بە دواداچوونی زانستی.

**ماددەی ( ٦٥ )**

تایبەتمەندیەکانی دادگای نەوجەوانان دیاری دەکرێت بەو شوێنەی کە تاوانەکەی لێ ڕوویداوە یاخود لەو حالەتەدا پەنهانە بووە یاخود لە ڕەوشتی خۆی لاداوە یاخود لەو شوێنەی کە نەوجەوان دائەنیشێت.

**ماددەی ( ٦٦ )**

**یەکەم:** ئەگەر بۆ دادگای نەوجەوانان دەرکەوت لە کاتی سەیرکردنی لە سکالای یەکێك لە تۆمەتباران لە کاتی کردنی تاوانەکە هەژدە ساڵی تەواو کردبووو بۆیە لەسەر دادگاپێوویستە دادگایکردنەکە ڕابگرێت بە نیسبەت تۆمەتباری کامل بوو ڕابگرێت وە دادوەر لێکۆڵینەوە ئاگاداربکرێتەوە بە هەواڵەکردنی بۆ سەر دادگای تایبەتمەند.

**دووەم:** ئەگەر دادگا بینی ئەو تۆمەتبارەی هەواڵە کراوە بۆ لای ئەوان، هەژدە ساڵی تەواوکردووە لە کاتی کردنی تاوانەکە، بۆیە لەسەری پێوویستە هەواڵەی دادگای تایبەتمەندی بکات.

**سێیەم:** بۆ دادگای نەوجەوانان هەیە نەوجەوانی کەتنکردوو ڕەوانەی نوسینگەی خوێندنەوەی کەسایەتی بکات ئەگەر هاتوو حالەتی یاخود بارودۆخی کێشەکە ئەوە بخوازێت.

**ماددەی ( ٦٧ )**

ئەگەر نەوجەوان تۆمەتبار کرا زۆرتر لە تاوانێك یەك دەروازە لەخۆدەگرێت لە یاسای سزادان دادگاکەیان ڕێگای داوە بە یەك سکالاً حوکمی لەسەر بدرێت بە تەگبیرکردنی بڕیاردراو بۆ هەر تاوانێك وە فەرماندان بە تەگبیرکردنێکی توونددتر کە بەرامبەری نەبێت.

**ماددەی ( ٦٨ )**

ئەگەر نەوجەوان حوکمدرا بە زۆرتر لە تەگبیرکردنێکی لێسەندنەوەی ئازادی بۆ دادگا هەیە ئەو تەگبیرکردنانە جێبەجێ بکات بە تێکەڵ بوون یاخود بە سزادان.

**ماددەی ( ٦٩ )**

ئەگەر دادگای نەوجەوانان بڕیاریدا بە حوکمدان زۆرتر لە چەند تەگبیرکردنێکی لێسەندنەوەی ئازادی بە تێکەڵ بوون ،تەگبیری سپاردنی بە قوتابخانەی پێگەیاندنی مێرمنداڵان جێبەجێ دەکرێت ، تەنها ئەگەر هاتوو تەگبیری سپاردنی بە قوتابخانەی پێگەیاندنی هەرزەکاران زیاتر ببێت لەسەر سپاردنی لە قوتابخانەی پێگەیاندنی مێرمنداڵان ئەو کاتە تەگبیری سپاردنی بە قوتابخانەی پێگەیاندنی مێرمنداڵان لەسەری جێبەجێ دەکرێت.

ماددەی (٧٠)

یەکــەم: داوای سـزایی نامێنێـت بـە تێپـەڕبوونی دە سـاڵ لـە تاوانـەکانی جینایـات وە بـە تێپـەربوونی پێـنج سـاڵ لـە تاوانەکانی کەتن.

دووەم: تـەگبیرکردن نامێنێـت ئەگـەر هـاتوو جێبـەجێ نـەکرا بـە تێپەر بوونی پانزە ساڵ لە تاوانی جینایەتدا، وە بە تێپەڕ بـوونی سـێ سـاڵ مـاوەی تـەگبیرکردنی حوکمـدراو لـە حالەتەکانیتر.

ماددەی (٧١)

یەکەم: بە بێ وازهێنان لە حوکمی بڕگە (دوو) لە مادەی (١٦) لە یاسـای داواکـاری گـشتی ، دادگـا دۆسـیەی سـکالاکە کـە حوکمی پێ دەرچووە لە تاوانی جینایات ڕەوانەی دادگـای تەمییز دەکات لە ماوەی پانزە ڕۆژ لـە بـەرواری دەرچـوونی بۆ چاوپێخشاندن جیاکاری بە پێی یاسا.

دووەم: تانە لە ئەحکام و بڕیارەکانیتر ئەدرێت لـە دادگـای تـەمییز لە ماوەی (٣٠)سـی ڕۆژ کـە دەست پێدەکات لـە بـەرواری ڕۆژی دواتر لە دەرچوونی.

# دەروازەی پێنجەم
# تەگبیرەكان

**ماددەی ( ٧٢ )**

ئەگەر نەوجەوان سەرپێچییەكی كرد حوكمەكەی ئاگادار ئەكرێتەوە لە دانیشتنێكدا تا جارێكیتر كارە ناڕەواییەكەی دووبارەی نەكاتەوە یاخود ڕادەستی باوانی یاخود یەكێك لە خزمانی دەكرێت بۆ ئەوەی هەڵسێ بە جێبەجێكردنی ئەوەی كە دادگا بڕیاری لەسەر داوە لە ئامۆژگاریەكان بۆ دابینكردنی باش پەروەردەكردن و ڕەوشتی بە پێی بەڵێننامەیەكی دارایی كە كەمتر نەبێت لە پەنجا دینار وە زیاتر نەبێت لە سەد دینار ، بۆ ماوەیەك كەمتر نەبێت لە شەش مانگ وە زیاتر نەبێت لە ساڵێك یاخود سزادانی بە پێبژاردن.

**ماددەی ( ٧٣ )**

ئەگەر نەوجەوانێك كەتنێكی كرد ئەو كاتە حوكمی لەسەر دەدرێت بە یەكێك لە تەگبیرەكانی خوارەوە لە جیاتی سزای لێسەندنەوەی ئازادی كە یاسا دیاریكردووە :

**یەكەم:** ڕادەستی باوانی بكرێت یاخود یەكێك لە خزمانی بۆ ئەوەی هەلسێ بە جێبەجێكردنی ئەوەی كە دادگا بڕیاری لەسەر دەدات لە ئامۆژگاریەكان بۆ دابینكردنی باش پەروەردەكردن و ڕەفتاری بە پێی بەڵێننامەیەكی دارایی

کە کەمتر نەبێت لە دووسەد دینار وە زیاتر نەبێت لە پێنج سەد دینار بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە ساڵێك وە زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ.

دووەم: بخرێتە ژێر چاودێری ڕەفتار بە پێی ئەحکامەکانی ئەو یاسایە.

سێیەم: سپاردنی بە قوتابخانەی پێگەیاندنی مێرمنداڵان ئەگەر مێر منداڵ بوو یاخود سپاردنی بە قوتابخانەی پێگەیاندنی هەرزەکاران ئەگەر هەرزەکار بوو بۆ ماوەیەك لە شەشە مانگ کەمتر نەبێت وە زیاتر نەبێت لە پێنج ساڵ.

چوارەم: حوکمدان بە پێبژاردنی کە دەقەکەی لەو یاسایە داهاتووە.

**ماددەی (٧٤)**

بۆ دادگای نەوجەوانان هەیە، کاتێ بڕیاردەردەکات بە ڕادەستکردنی نەوجەوان بۆ باوانی یاخود خزمانی، بڕیار بدات بخرێت ژێر چاودێری ڕەفتاری.

**ماددەی (٧٥)**(*)

* ئەو مادەیە ڕاست کراوەتەوە بە پێی بەیانی ژمارە ئەو مادەیە لە بڕگەی یەکەم لە مادەی (٧٥) لە یاسای چاودێری نەوجەوانان بەمشێوەیەی سەرەوەی لێهاتووە.

**یەکەم:** ئەگەر نەوجەوان حوکمدراو بە پێی بڕگەی (یەکەم) لە مادەی (٧٣) ی ئەو یاسایە جینایات یاخود کەتنێکی بە ئەنقەست کرد بە هۆی پشت گوێخستنی باوانی یاخود خزمانی لە جێبەجێکردنی ئەوەی کە بەڵێنی دابوو وە لەسەر دادگای نەوجەوانان پێوویستە حوکمی لەسەر بدات بە پێبژاردنی کە بەڵێنی داوە بەشێکی یاخود هەمووی.

**دووەم:** بەڵێننامەی دارایی نامێنێت ئەگەر نەوجەوان هەژدە ساڵ تەواو بکات.

**ماددەی ( ٧٦ )[*]**

**یەکەم:** ئەگەر مێرمنداڵێك تاوانێکی جینایاتی کرد لەسەری سزا درابوو بە بەندکردنی هەتاهەتایی یاخود کاتی لەسەر دادگای نەوجەوانان پێوویستە کە حوکمی لەسەر بدات بەیەکێك لە تەگبیرەکانی خوارەوە لە جیاتی ئەو سزایەی یاسا بڕیاری لەسەر داوە:

ا ـ ڕادەستی باوانی یاخود یەکێك لە خزمانی بکرێت بە پێی بەڵێننامەی دارایی کە دادگا دیاری دەکات کە لەگەڵ حالەتی دارایە بگونجێت تا هەڵسێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەوەی دادگا

---

* ئەو مادەیەی ئێستای (٧٦) هەموارکراوە بۆ جاری پێنجەم بە پێی یاسای ژمارە ٣١ ساڵی ١٩٩٨.

بڕیاری لەسەر دەدات لە ئامۆژگاریەکان بۆ دابینکردنی باشتر پەروەردەکردن و ڕەفتاری وە جارێکیتر تاوان ئەنجام نەدات بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە ساڵێك وە زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ.

ب ـ بخرێتە ژێر چاودێری ڕەوشت بە پێی ئەحکامەکانی ئەو یاسایە.

ج ـ سپاردنی بە قوتابخانەی پێگەیاندنی مێرمندالآن بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە شەش مانگ وە زیاتر نەبێت لە پێنج ساڵ.

دووەم: ئەگەر مێرمندالێك تاوانی جیناياتی کرد کە سزا درابوو لەسەری بە لەسێدارەدان لەسەر دادگای نەوجەوانان پێووستە کە حوکمی لەسەر بدات لە جیاتی ئەو سزایەی یاسا بڕیاری لەسەرداوە بە سپاردنی بە قوتابخانەی پێگەیاندنی مێرمندالآن بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە ساڵێك وە زیاتر نەبێت لە دە ساڵ(*).

ماددەی (٧٧)

یەکەم: ئەگەر هەرزەکارێك تاوانێکی لە جۆری جیناياتی ئەنجامدابوو، وە سزا درابوو لەسەری بە بەندکردنی هەتاهەتایی یاخود کاتی بۆیە لەسەر دادگای نەوجەوانان پێوویستە کەوا حوکمی لەسەر بدات بە یەکێك لەو

(*)

تەگبیرانەی خوارەوە لە جیاتی ئەو سزایەیەی کەیاسا بۆی دیاریکردووە :

أـ بخرێتە ژێر چاودێری ڕەوشت بە پێی ئەحکامەکانی ئەو یاسایە.

ب ـ سپاردنی بە قوتابخانەی پێگەیاندنی هەرزەکاران بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە شەش مانگ وە زیاتر نەبێت لە حەوت ساڵ.

**دووەم:** ئەگەر هەرزەکارێك تاوانی جینایاتی کرد کە سزا درابوو لەسەری بە لەسێدارەدان لەسەر دادگای نەوجەوانان پێووستە کە حوکمی لەسەر بدات لە جیاتی ئەو سزایەی یاسا بڕیاری لەسەرداوە بە سپاردنی بە قوتابخانەی پێگەیاندنی هەرزەکاران بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە ساڵێك وە زیاتر نەبێت لە دە ساڵ.

**ماددەی ( ٧٨ )**

بۆ دادگای نەوجەوانان هەیە کەوا حوکمبدات لەسەر نەوجەوان بە پێبژاردنی لە تاوانی جینایات یاخود کەتن کە یاسا سزای دەدات بە بەندکردنی ماوەیەك کە زیاتر نەبێت لە حەوت ساڵ یاخود بە حەبس کردن ئەگەر دەرکەوت لە ڕاپۆرتی نوسینگەی خوێندنەوەی کەسایەتی یاخود ڕاستی سکاڵاکە کە باشتر وایە بۆ نەوجەوان حوکمی پێبژاردنی بەسەردا بسەپێنی.

**ماددەی ( ٧٩ )**

**یەکـــەم:** ئەگـەر مێردمنـداڵێك تـاوانێکی کـرد وە کـاتی حـوکمی لەسـەردرا هـەرزەکار بـوو ئـەو کاتـە حـوکمی بەیـەکێك لـە تەگبیرەکانی تایبەتی بە مێردمنـدالآن ئەدرێت ، وە لەسەر دادگـای نەوجـەوانان پێوویستە لـە کـاتیٚ حـوکمی لەسـەر دەدرێـت بـە تـەگبیرکردن بـە لێسەندنەوەی ئـازادی کـەوا بڕیاربـدات بـە سـپاردنی بـە قوتابخانـەی پێگەیانـدنی هەرزەکاران.

**دووەم:** ئەگەر نەوجەوان تاوانێکی کرد وە کـاتیٚ حوکمی لەسەر درا هـەژدە سـاڵی تـەواوکردبوو، ئـەو کاتـە بـە یـەکێك لـە تـەکبیرەکانی تایبـەت بـە هـەرزەکار و مێردمنـداڵی بەسـەر جێبـەجیٚ دەکرێـت بـە پێـی کـاتی کردنـی تاوانەکـە، وە لەسەر دادگـای نەوجـەوانان پێوویسـتە لـە کـاتی حـوکمی دەدات بـــە تـــەگبیرکردنی لێســەندنەوەی ئــازادی کـــەوا بڕیاربدات بە سپاردنی بە قوتابخانەی لاوانی هەراش بوو.

**ماددەی ( ٨٠ )**

**یەکەم:** بۆ دادگای نەوجەوانان هەیە لە کاتی حوکمدان بەسەر نەوجــەوانێك لــە تــاوانی جینایــات یــاخود کــەتن بــە تـەگبیرکردن بە لێسەندنەوەی ئازادی بۆ ماوەیەك کە لە سـاڵێك زیـاتر نـەبێت کـە بڕیـار بـدات بـە وەسـتاندنی

جێبەجێکردنی ئەو تەگبیرە بۆ ماوەی دوو ساڵ کە لەبەرواری حوکمدانەکە دەست پێدەکات ، ئەگەر ڕەوشتی و ئەوڕاپۆرتەی خوێندنەوەی کەسایەتی و باروودۆخی تاوانەکەی بینی باوەڕی هێنا کەوا جارێکیتر تاوانێکیتر ئەنجام نادات وە ناچارکردنی باوانی یاخود یەکێك لە خزمانی کە بەڵێننامەیەك بنووسێتەوە بە باشتر کردنی پەروەردەو فێرکردنی لە ماوەی ڕاگرتنی جێبەجێکردن وە ئەخرێتە نێو بۆکسی دادگا بڕێك پارە کە دادگا بڕیاری لەسەر دەدات کە بگونجێت لەگەڵ حالەتی دارایی ، وە چاودێری ئەکرێت لە ئەو بارەی ئەحکامی مادەکانی (١٤٧ ، ١٤٨ ، ١٤٩ ) لە یاسای سزادان ژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩.

دووەم: ئەگەر هاتوونەوجەوان هەژدە ساڵی تەواو کردبوو کاتی دەرچوونی حوکم بەسەریدا لە تاوانی جینایات یاخود کەتن بە تەگبیرکردنی لێسەندنەوەی ئازادی بۆ ماوەیەك کە لە ساڵێك زیاتر نەبێت وە بۆ دادگای نەوجەوانان هەیە کەوا بڕیار بدات بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی ئەو تەگبیرکردنە وە چاودێری ئەو بارەیەی ئەحکامی مادەکانی (١١٨، ١٤٥، ١٤٦، ١٤٧، ١٤٨، ١٤٩) بکات لە یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩.

**ماددەی ( ٨١ )**

ئەگەر ماوەی پێسپاردنەکە چەند جارێك دووبارە بوویەوە ئەوە نابێت زیاتر بێت لەو کۆیەی کە لێی جێبەجێ دەکرێت لە پێنج ساڵ لە قوتابخانەی پێگەیاندنی مێرمندالآن وە پانزە ساڵ لە قوتابخانەی پێگەیاندنی هەرزەکاران ·

**ماددەی ( ٨٢ )**

یەکـــەم: ئەگـەر هـاتوو نەوجـەوانی ڕاسپاردوو بـە قوتابخانـەی پێگەیاندنی مێرمندالآن تەمەنی پانزە ساڵ بوو پێوویستە بگوازرێتـەوە بـۆ قوتابخانـەی هـەرزەکاران بـۆ تـەواوکردنی ماوەی حوکمەکەی ·

دووەم: ئەگـەر هـاتوو ڕاسـپاردراو لـە قوتابخانـەی پێگەیانـدنی هەرزەکاران تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو کردبوو پێوویستە بگوازرێتـەوە بـۆ قوتابخانەی لاوانـی هەراشبوو بـۆ تـەواو کردنی ماوەی حوکمەکەی ·

سێیەم: ئەگەر هاتوو ڕاسپاردراو لە قوتابخانەی لاوانی هەراشبوو تەمـەنی بیسـت و دوو سـاڵی تـەواو کردبـوو پێوویسـتە بگوازرێتەوە بۆ بەشی چاکسازی گەوران بۆ تـەواو کردنـی ماوەی حوکمەکەی·

**ماددەی ( ٨٣ )**

بـە تـەواوی پێبژاردنەکـە وەردەگیرێـت بـە پێـی ئـەحکامی یاسـای جێبەجێکردن لە کاتی خۆگرتنی حوکمدراو لە نەدانی·

**ماددەی (٨٤)**

**یەکـــــەم:** بـۆ نەوجـەوانی حوکمـدراو هەیـە بـە تـەگبیرکردن لێسەندنەوەی ئازادی یاخود باوانی داواکاریەك پێشکەش بکـات بـۆ دادگـای نەوجـەوانان بـۆ بـەرەڵاکردنی مەرجـدار ئەگەر یـەك لەسـەر سیٚ حـوکمی بەسـەر بردبێـت لـە مـاوەی تەگبیرکردن لە لایەنەی جێبەجێکردنەکەی ئامـادە کـردووە کە کەمتر نەبێت لە شەش مانگ.

**دووەم:** بـۆ دادگـای نەوجـەوانان هەیـە کـە دەکەوێتـە سـنووری تایبەتمەندیـەکانی شـوێنەکە ئـەو لایـەی کـە نەوجـەوان حوکمی تیابەسەر دەبات ماوەی تەگبیرکردنەکە کەوا بڕیار بدات بە بەرەڵا کردنی مەرجدار لەو حالەتانەی خوارەوە :

أ ـ ئەگـەر هـاتوو نەوجـەوان ڕێگایـەکی باشـی گرتبێتـە بـەر لـە ماوەی ئەو سپاردنەی بە ڕاپۆرتێکی توێژەرەوەی کۆمەڵایەتی کە لێپرسـراویەتی وە هـەروەها پـشتگیریەکی ئەنـدامی داواکـاری گشتی.

ب ـ ئەگەر هاتوو وا چاوەڕوان دەکرا کـە ڕێگایـەکی بـاش بـڕوات دوای بە مەرج بەرەڵاکردنی.

**ماددەی (٨٥)**

**یەکەم:** بۆ دادگای نەوجەوانان هەیە کەوا بڕیار بدات بـە دانـانی ئەو نەوجەوانەی بە مەرج بەرەڵا دەکرێت لە ژێر چاودێری

بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە شەش مانگ وە زیاتر نەبێت لە ساڵێك یاخود هەندێ مەرجی دیاریکراوی بەسەر بسەپێنێ وەك نیشتەجێبوونی لە شوێنێکی دیاریکراو یاخود هەڵسانی بە کارێکی دیاریکراو.

دووەم: ئەگەر هاتوو ئەونەوجەوانەی بەرەڵاکراوە سەرپێچی کرد لەو مەرجانەی لە بڕگە (یەك)ی ئەو مادەیە، بۆ دادگا نەوجەوانان هەیە کەوا بڕیار بدات بە پاشگەزبوونەوە لە مەرجی بەرەڵاکردنەکە.

ماددەی (٨٦)

یەکەم: ئەگەر هاتوو ئەو کەسە ی بەرەڵاکراوە مێرمندالْ بوو ڕادەستی باوانی یاخود خزمانی نزیکی خۆی دەکرێت بۆ دابینکردنی باش پەروەردەکردن و ڕەفتاری بە پێی بەڵێننامەیەکی دارایی گونجاو.

دووەم: ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی بەرەڵاکراوە مێرمندالْ بوو بەلاّم نەباوانی و نەخزمی نەبوو بێ سەرپەرشتیاری خێزانیە ئەو بە یەك لە دەزگاکانی چاکسازی کۆمەلاّیەتی ڕائەسپێردرێت تا ئەو کاتەی تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو دەکات.

# دەروازەی شەشەم

# چاودێریکردنی ڕەفتارەکان

**ماددەی ( ٨٧ )**

چاودێریکردنی ڕەفتار لە تەگبیرەکانی چارەسەریە کە مەبەستیەتی بە دانانی نەوجەوان لە کەش وهەوایەکی سروشتی لە نێوان خێزانەکەی یاخود لە خێزانێکی شوێنگرەوە ئەگەر هاتوو خێزانەکەی خەڵکی باش نەبوون ، ئەویش بە سەرپەرشتی چاودێری ڕەفتارەکان بۆ مەبەستی باش بوونی.

**ماددەی ( ٨٨ )**

**یەکەم:** بەشی چاودێری ڕەفتارەکان کە بەستراوەتەوە بە وەزارەتی داد هەڵدەستێ بە چاودێریکردنی ڕەفتاری نەوجەوان وە دەسەر پەرشتیکردن بەسەر کارەکانی چاودێری ڕەفتارەکان بە پێی ئەحکامی ئەو یاسایە. بەرێوەبەرێك سەرپەرشتی دەکات کە خاوەن بڕوانامەی بە کالۆریۆس بێت لە زانستی کۆمەڵایەتی یاخود خزمەتی کۆمەڵایەتی یاخود زانستەکانیتر کە پەیوەندیان بە کاروباری نەوجەوانان هەبێت کە شارەزایی لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

**دووەم:** چاودێری ڕەفتارەکان دادەمەزرێت لە نێوان ئەوانەی بڕوانامەی بە کالۆریۆسیان وەدەستهێناوە لە زانستی

کۆمەڵایـــەتی یـــاخود خزمـــەتی کۆمەڵایـــەتی یـــاخود زانـــستەکانیتر ئەوانـــەی پەیوەنـــدیان بـــە کاروبـــاری نەوجەوانان هەیە یاخود لە نێو دەرچوانی پەیمانگاکانی هونەری لقی خزمەتی کۆمەڵایەتی وە لەسەر ئەوکەسەیە کە دادەمەزرێت دەبێت شارەزایی لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت.

ســـێیەم: ئەگـەر ژمـارەی چـاودێرانی ڕەفتارەکـان زۆر بـوو لـە پارێزگایـــەك نـــاو ئـــەنرێت بـــە بەرێوەبـــەری بەشـــی چـــاودێریکردنی ڕەفتارەکـــان یـــەکێکیان بـــە چـــاودێری یەکـــەمی ڕەفتارەکـان هەڵدەسـتێت بـە سەرپەرشـتیکردن لەسـەر چـاودێرەکانی ڕەفتارەکـان، وە کارەکـان لـە نێـوان خۆیان دابەش دەکەن.

ماددەی (٨٩)

یەکـــەم: دادگـای نەوجـەوانان بڕیـاری چاودێری دەردەکـات بـۆ ماوەیەك نابێت لەشەش مانگ کەمتر بێت وە زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ.

دووەم: بـــۆ دادگـــای نەوجـــەوانان هەیـــە بـــە درێژکردنـــەوەی چاودێریکردنی ڕەفتارەکـان ئەگـەر بەرژەوەنـدی نەوجەوان وا بخوازێت لەسـەر ئەو ڕاپۆرتـەی چاودێری ڕەفتارەکـان کەوا ڕەچاوی حوکمی بڕگەی (یەك)ی ئەو مادەیە بکات.

**ماددەی ( ٩٠ )**

لەسەر دادگای نەوجەوانان پێوویستە لە کاتی دانانی نەوجەوان لە ژێر چاودێری ڕەفتارەکان ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە بکات :

**یەکەم:** کاریگەری گەورەیی تاوانەکە و ڕەفتاری نەوجەوان و ڕابردووەکەی و حالەتی کۆمەڵایەتی تەندروستی و دەروونی.

**دووەم:** نەوجەوان و باوانی ئاگادار بکرێتەوە کەوا لە حالەتی سەرپێچیکردنی ئەحکامەکان و مەرجەکانی چاودێری ڕەفتارەکان یاخود بە ئەنقەست کردنی تاوانێکیتر، ڕەنگە تووشی پاشگەز بوونەوەی بڕیاری چاودێری ببێت وە حوکمدان لەسەری لەسەر تاوان بە یەکێك لە تەگبیرەکانی ئەو دەقەی لەو یاسایەدا هاتووە.

**سێیەم:** وەرگرتنی ڕەزامەندی هەرزەکار بە نووسین لە کاتی دەرچوونی بڕیاری دانانی لەژێر چاودێری ڕەفتارەکان.

**ماددەی ( ٩١ )**

پێوویستە ناوەڕۆکی بڕیاری چاودێری نەوجەوان ناچار بکرێت بەو مەرجانەی خوارەوە :

**یەکەم:** کەوا ڕەفتارێکی باش بگرێتەبەر.

**دووەم:** کەوا ئاگاداری چاودێری ڕەفتار بکاتەوە لە کاتی گواستنەوەی لە شوێنی نیشتەجێبوونی وە پێوویستە

لەسەری ڕەزامەندی وەربگرێت لە کاتی گواستنەوەی بۆ کارێکیتر یاخود قوتابخانەیەکیتر.

سێیەم: دەبێت بەبەردەوام لە پەیوەندیکردن دابێت لەگەڵ چاودێری ڕەفتارەکان وە پابەند بێت بە فەرمانەکان و ڕێنمایەکان.

چوارەم: هەر مەرجێکیتر کە دادگای نەوجەوان بە پێویستی زانی بۆ دابینکردنی سەرکەوتنی چاودێری.

مادەی (٩٢)

یەکەم: دادگای نەوجەوانان بڕیاری چاودێری لەگەڵ دۆسیەی سکالایەکە ڕەوانەی چاودێری ڕەفتارەکان دەکات.

دووەم: چاودێری یەکەمی ڕەفتارەکان چاودێری ڕەفتارێکیتر دیار دەکات کە هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی بڕیاری چاودێری.

سێیەم: ئەگەر هاتوو نەوجەوانی ژێرچاودێری مێینە بوو پێویستە چاودێری ڕەفتار مێینە بێت.

مادەی (٩٣)

لەسەر چاودێری ڕەفتارەکان پێویستە بە ئامادەکردنی پلانێکی تێروتەسەل بۆ چارەسەرکردنی نەوجەوان بڕوای هەبێت بەگەڕانەوەی ڕاهاتنی کۆمەلایەتی لە ماوەی چاودێریکردن بە پاڵپشت بە ڕاپۆرتی نوسینگەی خوێندنەوەی کەسایەتی.

**ماددەی (٩٤)**

**یەکەم:** لەسەر چاودێری ڕەفتار پێوویستە کەوا سەردانی ئەو نەوجەوانە بکات کە دانراوە لە ژێر چاودێری لە ماڵەوەی وە پەیوەندیکردنی بە بەڕێوەبردنی قوتابخانەکەی یاخود شوێنی کارەکەی تەنها جارێك لە ماوەی پانزە ڕۆژدا بۆ بەدواداچوونی ئاستی ئەو چاودێریەی مەرجدار بوو کە بڕیاری چاودێری دیاریکردبوو وە یارمەتیدانی لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی وە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی کارێك بۆی لە کاتی پێوویست بوونی.

**دووەم:** لەسەر چاودێری ڕەفتارەکان پێوویستە کەوا مانگانە ڕاپۆرتێك پێشکەش بە دادگا یاخود داواکاری گشتی بکات کەوا حالەتی نەوجەوان و ڕەفتارەکانی و ئاستی کاریگەری چاودێریکردنی وە لەگەڵ ئەو پێشنیارگانەی هەیەتی لەو کارانەی ئەبینێ سوود بە نەوجەوان دەگەیێنێت.

**سێیەم:** بۆ ئەندامی داواکاری گشتی هەیە ، دوای خوێندنەوەی لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی چاودێری ڕەفتارەکان ، کەوا پێشنیار بکات بۆ دادگای نەوجەوانان گۆرینی چاودێری یاخود مەرجەکانی کە چۆن بڕوایی دێنێ بۆ بەرژەوەندیەکانی نەوجەوان و کۆمەڵگا.

**ماددەی (٩٥)**

**یەکەم:** لەسەر باوانی نەوجەوان پێوویستە کەوا هاوکاری لەگەڵ چاودێری ڕەفتارەکان بکات بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری چاودێری کە چۆن لەگەڵ بەرژەوەندی نەوجەوان بگونجێت وە هەواڵ بدات لەسەر هەموو گۆڕانکاریەك کە بەسەر ڕەفتاریدا هاتووە.

**دووەم:** ئەگەر باوانی ئەرکەکانی پشگوێ خستبوو کە دەقەکەی هاتووە لە بڕگەی (یەك)ی ئەو مادەیە یاخود ببێتە هۆی تەگەرە دروستکردن لە بەرامبەر ڕاڕەوی چاودێری بۆیە پێوویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان کەوا بڕیار حوکمە لەسەر بدات بە پێبژاردنی کە لە پەنجا دینار کەمتر نەبێت وە لە زیاتر نەبێت لە پێنج سەد دینار.

**ماددەی (٩٦)**

بۆ چاودێری ڕەفتارەکان هەیە بە هانا بردن بە ئەنجومەنی گەڵ یاخود لیژنەکانی ڕاوێژکارانی خێزانی کە سەر بە یەکێتی ئافرەتانەوەیە یاخود لیژنەکانی یەکێتی لاوان لە ئەو ناوچەیەی کە نەوجەوان لێی دائەنیشێ یاخود نوسینگەی خوێندنەوەی کەسایەتی بۆ دابینکردنی باشترکردنی ڕاڕەوی چاودێریکردنەکە.

**ماددەی ( ٩٧ )**

**یەکـــەم:** مـاوەی چـاودێریکردنەکە کۆتـایی دێـت بە پێـی ئـەو بڕیارەی دیاریکراوە ، وە بۆ دادگـای نەوجـەوانان هەیـە کـە بڕیـار بـدات بـە کۆتایهـاتنی چـاودێریکردنی ڕەفتارەکـان دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ لە بەرواری دەرچوونی ئـەو بڕیـارە بـە پـشت بەسـتن لەسـەر ئەو ڕاپۆرتـەی چـاودێری ڕەفتارەکان بە تێڕوانین بۆ باشترکردنی ڕەفتاری نەوجەوان وە پێویست نەکردنی چاودێریکردنی.

**دووەم:** ئەگەر دادگای نەوجەوانان ئەو ڕاپۆرتەی چاودێریکردنی ڕەفتارەکـانی ڕەتکـردەوە بـە کۆتایهێنـانی چـاودێری ئـەو کاتە نابێت ڕاپۆرتێکیتر پێشکەش بکرێت بە کۆتاییهێنانی چاودێری تـەنها دوای تێپـەڕبوونی سـێ مـانگ لـە بـەرواری ڕەتکردنەوەکە.

**سێیەم:** پێویـستە لەسـەر دادگـای نەوجـەوانان ئـەژماری مـاوەی چـاودێربکردنە تێپەڕیوەکـە بکـات لـە کـاتی گەڕانـەوەی نەوجەوانەکە جارێکیتر بۆ دادگا.

**ماددەی ( ٩٨ )**

یەکەم /ئەگەر نەوجەوان سەرپێچی مەرجەکانی چاودێریکرد بـۆ دادگـای نەوجـەوانان کـە بڕیـاری دەرکـردووە کـە پێبـژاردن بسەپێنێ بەسەری کەمتر نەبێت لە پـەنجا دینار وە زیـاتر نـەبێت

لە سەد دینار یاخود کەوا بڕیار بدات بە ڕەتکردنەوەی چاودێریکردن لەسەری بە سپاردنی بە پێی ئەحکامەکانی ئەو یاسایە.

دووەم: ئەگەر حوکمدرا بەسەر نەوجەوانێك لەسەر کەتنکردنی بە ئەنقەست لە ماوەی ڕێکردنی بڕیاری چاودێریکردن وە حوکمەکە بڕیاری کۆتایی لەسەر درا وە بۆ دادگای نەوجەوانان کە بڕیارەکەی چاودێریکردنەکەی دەرکردووە بە ڕەتکردنەوەی وە گۆڕینی بە تەگبیرکردن بە سپاردنی ، وە ئەگەر نەوجەوان تاوانی جینایاتی بە ئەنقەست کردبێت لەسەر دادگای نەوجەوانان پێوویستە بە ڕەتکردنەوەی بڕیاری چاودێریکردن وە گۆڕینی بە تەگبیرکردن بە سپاردنی بە پێی ئەحکامی ئەو یاسایە.

سێیەم: ئەگەرئەو نەوجەوانەی لە ژێر چاودێریکردنی ڕەفتارەکان دانراوە ڕایکرد دەبێت دادگای نەوجەواناذیفەرمان دەربکات بۆ دەستگیرکردنی ، وە ئەگەر نەتوانرا دەستگیر بکرێت وە یاخود باوانی ئامادەبکرێت ، بۆ دادگای نەوجەوانان هەیە کە بڕیار بدات بە داخستنی سکاڵایەکە کە بڕیاری چاودێریکردنی بۆ دەرچووە بە شێوەیەکی کاتی تا دەستگیر دەکرێت لە ڕەچاوکردنی ئەحکامی بڕگە (دوو )ی مادەی (٧٠ ) ی ئەو یاسایە.

چوارەم: نابێت لە دووجار زیاتر بێت لە دەرچوونی بڕیاری دانانی نەوجەوان لە ژێرچاودێری ڕەفتارەکان .

# دەروازەی حەوتەم

# چاودێری پاشکۆیی

**ماددەی (٩٩)**

مەبەست لە چاودێری پاشکۆیی چاودێری نەوجەوانە دوای کۆتاییهاتنی ماوەی سپاردنیبە قوتابخانەی پێگەیاندن لەگەڵ ئەو بە خۆگرتنەی تێکەڵکردنی لە کۆمەڵگا بۆ ئەوەی جارێکیتر نەگەڕێتەوە بۆ کەتنکردن.

**ماددەی (١٠٠)**

**یەکەم:**

أ- بەشی چاودێری پاشکۆیی کە بەستراوەتەوەبە فەرمانگەی چاکسازی نەوجەوانان لە دامەزراوەی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەڵدەستێت بە چاودێری نەوجەوان دوای کۆتاییهاتنی ماوەی سپاردنی بە قوتابخانەی چاکسازی بەڕێوەبەرێك سەرۆکایەتی دەکات کە خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە زانستی کۆمەڵایەتی یاخود خزمەتی کۆمەڵایەتی یاخود زانستەکانیتر کە پەیوەندی هەبێت بە کاروباری نەوجەوانان کە خیبرە کەمتر نەبێت لە پێنج ساڵ.

ب بەڕێوەبەری چاودێری پاشکۆیی هەڵدەستێت بە سەرپەرشتیکردنی لەسەر کارەکانی توێژەوەرەکانی کۆمەڵایەتی کەسەر بەو بەڕێوەبەرایەتیەن.

دووەم: توێـژەرێکی کۆمەڵایـەتی هەڵدەسـتێ بـە چـاودێریکردنی پاشـکۆیی ڕەنگـە لـە کـاتی پێوویـست هانـا بەرێتـە بـەر ڕێکخراوەکانی جەماوەری.

**ماددەی (١٠١)**

لەسەر بەرێوەبردنی قوتابخانەی پێگەیاندنە پێش کۆتاییهاتنی ماوەی سپاردن بە ماوەیەك کە لە سێ مانگ کەمتر نەبێت ئەم ڕێکاریانە ئەنجام بدات :

یەکـەم: نـاوی هـەموو نەوجـەوان بە بەشـی چـاودێری پاشـکۆیی بـدات ئەوانـەی مـاوەی سـپاردنیان تـەواو دەبێـت لەگـەڵ ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەل.

دووەم: دانـانی نەوجـەوان لـە بـاڵی تایبـەت توانایـەکی زۆری بـۆ دابین بکرێت لە ئازادی.

سـێیەم: پێـدانی مۆڵـەتی چوونەوە ماڵ بـە نەوجـەوان بـۆ ڕێگـە خۆشکردن بۆ ژیانێکی کۆمەڵایەتی نوێ.

چوارەم: ڕاسپاردنی نەوجەوان بە هێندێ کاریتر لە ناو قوتابخانـە یاخود دەرەوەی بۆ ئەوەی بتوانـێ متمانەی بەخۆ هەبێت.

**ماددەی (١٠٢)**

بەشـی چـاودێری پاشـکۆیی هەڵدەسـتێ بـە پەیوەنـدیکردن بـە نەوجەوان پێش دەرچوونی لە قوتابخانەی پێگەیاندن ئەویش لە ڕێگەی توێژەری کۆمەڵایەتی بەمشێوەیە :

**یەکەم:** بە پێدانی ڕێنمایەکانی پێوویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داواریەکانی ژیانی نوێ ، وە یارمەتیدانی لە گرتنەبەری بڕیارەکانی ڕاست ودروست.

**دووەم:** وەستان لەسەر توانایییەکانی وە ئامادەبوونی و ئاستی هاوشێوەکردنی بۆ مەرجەکانی کارکردن کە ئارەزووی بۆ هەبێت.

**سێیەم:** بۆ یارمەتیدانی لە دابینکردنی بەڵگەنامەکان کە پێوویستین بۆ وەدەستهێنانی کار.

**چوارەم:** بۆ ناسینەوەی لەسەر ئەو کەش و هەوایەی حەزی لێیە پەیوەندی پێوەبکات دوای دەرچوونی لە قوتابخانەی پێگەیاندن بۆ گەڕاندنەوەی پەیوەندیەکانی یاخود پەسەندکردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ بنەماڵەکەی.

**پێنجەم:** پێشکەشکردنی یارمەتیدان کە شوێنی نیشتەجێبوونی دابین بکات بەشێوەیەکی کاتی بێت یاخود بەردەوامی.

**ماددەی (١٠٣)**

دەبێت بەشی چاودێری پاشکۆیی بڕێک پارەی گونجاو پێشکەش بە نەوجەوان بکات بۆ یارمەتیدانی لە ؟

**یەکەم:** بەجێگەیاندنی پێوویستیە خێراییەکانی.

**دووەم:** گۆڕینی ئەو کەش وهەوایەی کە ژیانی تیا ئەباتەسەر لە کاتی حەزی پێئەکرد ئەگەر بێت ئەوە هۆیەکەی بێت.

ماددەی (١٠٤)

لەسەر بەشی چاودێری پاشکۆیی پێویستە کاربکات بۆ دابینکردنی خانوێك بۆ حەوانەوەی نەوجەوانان ئەوانەی ماوەکەیان تەواو بووە هیچ شوێنێکیان نیە کە پەنای بۆ ببەن ئەویش نابێت لە سێ مانگ زیاتر بێت.

ماددەی (١٠٥)

یەکەم /ئەگەر دەرکەوت کەوا نەوجەوان چاودێری خێزانی لە دەست داوە ، لەسەر بەشی چاودێری پاشکۆیی پێویستە داوا لە دادگای نەوجەوان بکات بە دەرکردنی بڕیارێك بە سپاردنی بەیەکێك لە خانەکانی وولات.

دووەم: ئەگەر مێینەی راسپاردراو تەمەنی هەژدە سالی تەواو کرد وە چاودێری خێزانی لە دەست دابوو یاخود مەترسی هەبوو لەسەر ژیان لە کاتی ڕادەستکردنی بۆ ناو کەس و کاری بۆیە لەسەر بەشی چاودێری پاشکۆیی پێویستە داوا لە دادگای نەوجەوان بکات کە بڕیاری ڕاسپاردنی دەرکردووە بە دەرکردنی بڕیارێك بە حەوانەوەی لە بالی کچانی گەنجە هەراشبووەکان تا تەمەنی دەگاتە (٢٢) یاخود تا ئەو کاتەی چارەسەری کێشەکەی دەکرێت جا چ بە شووکردن بێت یاخود دۆزینەوەی کارێکی گونجاو بۆی

یاخود ڕادەستکردنی بۆ کەس و کاری ئەگەر هاتوو خۆی ڕازی بێت.

سێیەم:

ا ـ لەسەر بەشی چاودێری پاشکۆیی پێوویستە بە دەرهێنانی بەڵگەنامەکانی سەلماندنی کەسایەتی بۆ نێر و مێیە ڕاسپاردراوەکان ئەوانەی هیچیان نیە چاودێری خێزانیان لە دەست داوە وە پێوویستە لەسەر هەموو خانەکانی وولآت و قوتابخانەی پێگەیاندن هەواڵ بدەن بە بەشی چاودێری پاشکۆیی بە لیستێك لە ناوی ڕاسپاردراوەکان هەر لەگەڵ ڕاسپاردنیان وە ئەوانەی بەلگەکانی سەلماندنی کەسایەتیان نیە بۆ مەبەستی دەرچوونیان لە ماوەی ڕاسپاردنیان ئەو کاتە بەڕێوەبەری بەشی چاودێری پاشکۆیی لە شوێن ڕاسپاردراوی ئەو دەبێت کە دەقەکەی هاتووە لە بڕگەی (دوو ) لە مادەی (٣٢ ) دووبارەیە لە یاسای باری کەسیەتی ژمارە ٦٥ ی ساڵی ١٩٧٢ هەموارکراو.

ب ـ ئەگەر بەشی چاودێری پاشکۆیی بۆی نەکرا بە دەرهێنانی بەڵگەنامەکانی سەڵماندنی کەسایەتی نێر ومێیە ڕاسپاردراوەکان وە چاودێریان لە دەست داوە ، بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە هەڵدەستێ بە پێدانیان بە بەڵگەنامەی سەڵماندنی

کەسایەتی گونجاو لەسەر داوای فەرمانگەی چاکسازی نەوجەوانان بۆ ئەو بارەیە.

**ماددەی ( ١٠٦ )**

بۆ بەشی چاودێری پاشکۆیی هەیە هانا ببات بۆ گەیاندنی بە ئامانجەکان بە چاودێریکردنی ڕەفتار یاخود پۆلیسی نەوجەوانان یاخو لیژنەکانی ڕاوێژکارانی خێزانی یاخود لێژنەکانی یەکێتی گشتی لاوان لە کاتی پێویستیدا.

# دەروازەی هەشتەم

# ئەحکامەکانی کۆتایی

**ماددەی (١٠٧)**

ئەحکامەکانی یاسای سزادان و یاسای بنەمای دادگایکردنی سزایی جێبەجێ دەکرێت ئەگەر هیچ دەقێکیتر لەو ئەو یاسایەدا کە بگونجێت لەگەڵ سروشتی بنەماکان و ئامانجەکانی یاسای چاودێری نەوجەوانان.

**ماددەی (١٠٨)**

**یەکەم:** وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلآیەتی هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی پەیمانگایەك بۆئەوانەی ناتەواوی عەقڵین وە هەروەها ئەوانەی عەقڵیان لە دەست داوە بۆ سپاردنی نەوجەوانی کەم عەقڵ بە پێی ئەحکامی بڕگەی (چوار)ی مادەی (٢٦)ی ئەو یاسایە.

دووەم/ وەزارەتی تەندروستی هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی خزمەت گوزاری بۆ پەیمانگای باسکراو لە بڕگە (یەك)ی ئەو مادەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلآیەتی.

**ماددەی (١٠٩)**

دەکرێ بە دەرچوونی سیستەمێك و ڕێنمایەکان بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی ئەحکامی ئەو یاسایە.

**ماددەی (١١٠)**

یاسای نەوجەوانانی ژمارە (٦٤)ی ساڵی ١٩٧٢ هەڵئەوەشێتەوە وە سیستەم و ڕێنمایەکان ئەمێنێتەوە بەو پێیەی کە دەرچووە و کاری پێدەکرێت تا ئەو کاتەی سیستەم و ڕێنمای تر دەردەچێت بە پێی ئەحکامەکانی ئەو یاسایە.

**ماددەی (١١١)**

ئەو یاسایە جێبەجێ دەکرێت دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ لە بەرواری بلاّوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی.

# سیستەمی
# قوتابخانەکانی پێگەیاندنی نەوجەوانان
# ژمارە ( ٣ ) ی ساڵی ١٩٨٨

**بە ناوی گەل**
**سەرۆکایەتی کۆمار**

بە پشت بەستن بە ئەحکامی بڕگە (١) ی مادەی (٥٧)ی دەستور وە مادەی (٤٩ ) لە یاسای دامەزراوە گشتیەکان بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی ژمارە (١٠٤) ی ساڵی ١٩٨١ وە مادەی (١١١) لە یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ ئەو سیستەمەی خوارەوە دەرچوو.

**ژمارە ( ٣ ) ی ساڵی ١٩٨٨**

**سیستەمی قوتابخانەکانی پێگەیاندنی نەوجەوانان**

**ماددەی ( ١ )**

**یەکەم:** قوتابخانەی پێگەیاندنی نەوجەوانان: ئەو قوتابخانە ئامادەکراوەیە بۆ سپاردنی نەوجەوانان کە دادگاکان بڕیاری سپاردنیان دەدەن بە ئامانجی گونجانیان لە ڕووی

کۆمەڵایەتی وە پێگەیاندنیان لە ڕووی ڕەفتار و پیشە و پەروەردەی وە هەریەکەیان لە دواییدا ئەناسرێن بە قوتابخانە.

**دووەم:** قوتابخانەکان ئەمانەن :

أ ـ قوتابخانەی پێگەیاندنی مێرمندالآن .

ب ـ قوتابخانەی پێگەیاندنی هەرزەکاران.

ج ـ قوتابخانەی لاوانی هەراش بوو.

**ماددەی (٢)**

**یەکەم:** ئەنجومەنی بەڕێوەبردن سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی قوتابخانە دەکات کە پێکدێت لە:

ا- بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی چاودێری نەوجەوانان، سەرۆك.

ب- دادوەرێك لە دادگای نەوجەوانان بە نیسبەت وەزیری داد، ئەندام* .

ج- دکتۆرێك لە نوسینگەی خوێندنەوەی کەسایەتی یاخود دکتۆری قوتابخانە ، ئەندام.

د- سەرۆکی لێژنەی هونەری یاخود هەرکەسێك نوێنەری ئەو بێت ، ئەندام.

---

* ئێستا دادوەرەکان لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری یەوە دەست نیشان دەکرێت پەیوەندیان بە وەزارەتی دادەدەوە نیە.

هـ- بەڕێوەبەری قوتابخانە ، ئەندام.

دووەم: ئەندامی ئەنجومەنی باسکراو دادەمەزرێت لە هەردوو برگەی (ب، ج) لە بەندی یەکی ئەو مادەیە بە بڕیاری وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەسەر داوای ئەو لایەنەی هەڵیدەبژێرێت کە نوێنەرایەتی ئەو دەکات وە بۆ هەریەکێکیان دەبێت ئەندامێکی یەدەگ دامەزرێنن بە ڕێگەی کە چۆن ئەندامە بنەڕەتیەکان دادەمەزرێن لە کاتی ئامادە نەبوونی شوێنی ئەو دەگرێتەوە.

سێیەم: بۆ ئەنجومەنی بەڕێوەبردن هەیە بە ڕاهاتن لەسەر یەك ڕەئی یاخود زیاتر لە ئەندامانی باش لە ڕاسپاردراوەکان وە لە ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان هەیە بە کێشەکانیان و سکالاکانیان.

چوارەم: ئەنجومەن بەلای کەمی مانگێ جارێك کۆدەبێتەوە، وە ژمارەی تەواوی یاسایی بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان دەبێت وە بۆ گرتنەبەری بڕیارەکان بە زۆرینەی ڕەئی ئامادەبووان دەبێت وە لەکاتی یەکسانی دەنگەکان سەرۆك لە کام لابوو یەکلایی ئەبێتەوە.

پێنجەم: ئەگەر هەر ئەندامێك دوا کەوت لە کۆبوونەوەی ئەنجومەن بەبێ هیچ پۆزشێکی ڕەوا دوو جار لەسەر یەك فەرمانگەکەی یاخود ئەو لایەنەی نوێنەرایەتی دەکات

هەست دەکات وە لەسەرئەو دواکەوتنەی دەبێت ڕێکاری گونجاوبەرامبەری بگیرێتە بەر.

شەشەم: بۆ ئامادەکردن و ڕیکخستنی ئەنجومەن (فەرمانبەرێك) هەڵدەبژێردێت لە لایەن بەرێوەبەر وە ڕەزامەندی ئەنجومەنیش وەردەگیرێت.

ماددەی (٣)

یەکەم: دانانی نەخشەی ساڵانە بۆ چالاکیەکانی قوتابخانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کە لەو سیستەمەدا هاتووە ئەویش لە ژێر ڕۆشنایی نەخشەی گشتی بڕیار.لەسەر دراو.

دووەم: سەرپەرشتیکردن لەسەر ڕاڕەوەی کارەکان لە قوتابخانە وە بە ئاراستەکردنی بە پێی بنەماکانی تایبەت بەو سیستەمە.

سێیەم: تێڕوانین لەو کێشانەی ڕاسپاردراون لە قوتابخانە ئەوەی کەلیژنەی تایبەتمەندیەکان پێی باشە بە هەماهەنگی لەگەڵ کارگێری هەواڵەکردنی بۆی بۆ خوێندنەوەو گرتنەبەری ڕێکاریەکان کە گونجاو بێت بۆ چارەسەرکردنی.

چوارەم: پێشکەشکردنی ڕێنماییەکان بە دادگای نەوجەوانان دەربارەی داواکاریەکانی بەرەلاکردنی مەرجدار کە

پێشكەشیان دەكرێت لە لایەن سپاردراوەكان بە پێی ئەحكامەكانی یاسای چاودێری نەوجەوانان.

پێنجەم: پێشنیاركردنی بەخشینی خەرجی گیرفان بۆ سپاردراوە پێوویستبووەكان لە قوتابخانە بەڕێژەیەك ڕۆژێ لە پێنج سەد فلس زیاتر نەبێت بە ئامۆژگاریكردن لە لێژنەی هونەری.

شەشەم: ڕەزامەندی بوون لەسەر هەڵبژاردنی جۆری نایاب لە سپاردراوەكان لە هەردوو قوتابخانەی پێگەیاندنی هەرزەكاران و لاوانی هەراش بوو.

حەوتەم: تێڕوانین لەسەر ئەوەی بەڕێوەبەر پێشكەشی دەكات لەو كارانەی پەیوەندیان بە قوتابخانەوە هەیە بۆ گرتنەبەری ڕێكاریەكانی گونجاو دەربارەی.

هەشتەم: موناقەشەی ڕاپۆرتی ساڵانە ئەوەی كە لێژنەی هونەری پێشكەشی دەكات بە هەماهەنگی لەگەڵ كارگێری قوتابخانە لەسەر پرۆگرام و چالاكیەكانی پەروەردەیی و چاكسازی لە ماوەی ساڵێكدا.

ماددەی (٤)

یەكەم: قوتابخانە بەڕێوەبەرێك بەڕێوەی دەبات بڕوانامەی بەكالیۆریسی وەدەستهێنابێ لە زانستی كۆمەڵایەتی یاخود خزمەتی كۆمەڵایەتی یاخود زانستەكانیتر كە

پەیوەندیان هەبێت بە کاروباری نەوجەوانان وە خیبرەی هەبێت کە لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت لە مەیدانی کاری کۆمەڵایەتی ، وە جێگرێك هاوکاری دەکات دەبێت خاوەن هەمان بڕوانامەی بەڕێوەبەر بێت وە خیبرەی هەبێت لە مەیدانی کاری کۆمەڵایەتی کە کەمتر نەبێت لە سێ ساڵ وە هەروەها ژمارەیەك لە چاودێران لە دەرچوانی پەیمانگاکان کە تایبەتمەند بن یاخود لە دەرچوانی خوێندنەوەی ئامادەیی بە لای کەمی.

دووەم: بەڕێوەبەری قوتابخانە: ئەو فەرمانبەرە لێپرسراوە راستەوخۆیەیە لەسەر هەموو ئەو چالاکیە بەرچاوانەی ناو قوتابخانەیە وە لەسەر باش ڕاڕەوی ڕێکی کارەکانی وە دابەشکردنی ئەرکەکان لە نێوان فەرمانبەران وە چاودێریکردنی کارەکانیان وە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنی کارگێری و وە سەرپەرشتیکردن لەسەر کارەکانی پاسەوانی چاودێریکردنیان وە بۆی هەی فەرمان دەربکات کە یارمەتیدەر بێت لەسەر ئەو دەسکەوتە ، وە لەسەر کارمەندانی قوتابخانەیە کە هەڵسن بە کارەکانیان ئەوەی کە بەڕێوەبەر پێیان ڕائەسپێرێ لە کارەکان ئەرکەکانیان.

**ماددەی (٥)**

**یەکەم:** بەڕێوەبەری قوتابخانە هەڵدەستێ بە:

أ- سەرپەرشتی کردن لەسەر دەستگرتن بەسەر تۆمارەکانی سپاردراوەکان لە قوتابخانە بەرواری هاتن و بەرواری ئازادبوونیان وە هەروها مادەی یاساییەکەی کە بەو پێیە سپاردراوە وە تۆمارکردنی کەل و پەلی پێسپاردراوی خۆیان وهەڵگرتنیان وە هەروەها سەرپەرشتیکردنلەسەر کردنەوەی دۆسیەکان تایبەت بە هەموو سپاردراوەکان کە وێنەو پەڕاوەکان و پەیوەندیەکان و ئەو ڕاپۆرتانەی کە پەیوەندی هەیە هەر لەکاتی هاتنی بۆ قوتابخانە بۆ یەکەم جار تا کۆتایی ماوەی سپاردنی وە تۆمارکردنی هەموو ئەو شتانەی پەیوەندی بە ڕەفتاریەوە هەیە وە لە نێزانیشیاندا ئەو ڕاپۆرتە ئامادەکراوەی لەسەر سپاردراو لە لایەن لێژنەی هونەری.

ب- دانانی پڕۆگرامی ڕۆژانە و هەفتانە بۆ ڕێکخستنی شێوازی کارکردن لە قوتابخانە.

ج- گەڕاندنەوەی یاداشتی پێسپاردن بۆ دادگا کە دەریکردووە ئەویش دوای کۆتاییهاتنی ماوەی پێسپاردنی ڕواڵەتی چۆنیەتی جێبەجێکردن.

د- هەواڵدان بە لایەنەکانی تایبەتمەند لە کاتی تووش بوونی سپاردراو بە نەخۆشیەك لەژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتی پزیشکی

یاخود لە کاتی مردنی یاخود لەکاتی تووشهاتنی بە هەر ڕووداوێك کار بکاتە سەر سەلامەتی وە گرتنە بەری ڕێکاریەکان کە بیبینێ پێوویستە لە چارەسەرکردنی ئەو ڕوداوانە بە پێی بارودۆخی هەر حالەتێك.

هـ- هەواڵدان بە لایەنەکانی تایبەتمەند لە حالەتی هەڵاتنی سپاردراو لە قوتابخانە وە ئەنجامدانی لێکۆلینەوەیەکی سەرتاسەری لەسەر چۆنیەتی هەڵاتنی وە هەروەها هەواڵدان لە کاتی دەستگیرکردنەوەی یاخود گەڕانەوەی بە خۆبەدەستەوەدان وە بۆ هەڵاتوو ئەو ماوەیە ئەژمار ناکرێت کە لە کاتی هەڵاتنی بەسەر بردووە لە ماوەی حوکمدانەکەی.

دووەم: بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانە هەیە هێندێك لە دەسەڵاتەکانی کە بۆی دیاریکراوە لە بەندی (یەك) ی ئەو یاسایە بە ڕەزامەندبوونی بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی چاکسازی نەوجەوانان بە یەکێك لە فەرمانبەرانی قوتابخانە.

ماددەی (٦)

یەکەم /کارگێری قوتابخانە هەڵدەستێت لە دوای کۆتایهاتنی دەوامی فەرمی بۆ ماوەی ئێواران بەیەکسان لەگەڵ دەوامی بەیانیان بە دانانی بەڕێوەبەری ناوخۆیی کە خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە زانستی کۆمەڵایەتی یاخود خزمەتی کۆمەڵایەتی یاخود زانستەکانیتر کە پەیوەندی هەبێت بە

کاروباری نەوجەوانان وە خیبرەی هەبێت لە بواری کاری کۆمەڵایەتی کە کەمتر نەبێت لە سێ ساڵ وە جێگرێك هاوکاری بکات هەمان بڕوانامە و خاوەن خیبرەیەبێت کە لەسەرەوە باسمانکردووە وە خیبرەی لە ساڵێك کەمتر نەبێت لەگەڵ ژمارەیەك لە چاودێران.

دووەم: لەسەر بەڕێوەبەری ناوخۆیی پێویستە هەڵسێت بەو ئەرکانەی خوارەوە:-

أ- دەبێت بەرپرس بێت لەسەر کارگێری قوتابخانە وە جێبەجێکەری ڕێنماییەکان بێت کە بەڕێوەبەری قوتابخانە بۆی دەردەکات.

ب - تۆماری ڕووداوەکانی کە ئێواران ڕوودەدات ئەنووسێتەوە .

ج - پرۆگرام و چالاکیەکانی ماوەی ئێواران جێبەجێ دەکات.

سێیەم: لە کاتی کۆتاییهاتنی دەوامی بەڕێوەبەری ناوخۆیی چاودێری ئێشکگری بەڕێوەبردنی قوتابخانە وەردەگرێت تاوەکو بەیانی ڕۆژی دواتر وە بەرپرس دەبێت لەسەر ڕاپەڕاندنی ڕێنماییەکان کە بەڕێوەبەری قوتابخانە دەری دەکات وە پێوویستە لەسەری هەموو ئەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن تۆماری بکات لە ماوەیەدا لە تۆماری تایبەت وە پێشکەش بە بەڕێوەبەر بکات لەسەرەتای دەست پێکردنی دەوامی فەرمی ڕۆژی دواتر.

ماددەی ( ٧ )

شـوێنێکی تایبـەتی ڕێـك دەخرێـت بـۆ بـاڵی پێـشوازیکردنی سپاردراوە نوێیـەکان لـە قوتابخانـە بۆ مەبەستی خوێندنـەوەی حاڵەتی سپاردراو لە ڕووی پزیشکی و کۆمەڵایەتی و دەروونـی لە لیژنەی هونەری بۆ ئەوەی پرۆگرامێکی گونجاو ڕێك بخرێت بە پێی بنەمای بە تەنیا مامەڵـەکردن ئەویش بۆ چاودێریکردنی ئـەو ڕاپەڕاندنـە بـۆ تێخـستنی هـەموارکردن لـە ژێـر ڕۆشـنایی ڕاپۆرتی هۆبەی بەدواداچوونی کۆمەڵایـەتی وە ئەگـەر دەرکـەوت کەوا تووشبوو بە نەخۆشـی ئەوکاتـە پێوویستە بە سپاردنی بە یـەکێك لـە نەخۆشـخانەکان یـاخود دابڕانـی لەسەر ئـەوانیتر لـە سپاردراوەکانیتر لە بەشی تەندروستی لە قوتابخانـە وە هـەروەها ڕێگـە پێنـەدانی بـە تێکـەڵاوی بـوونی تـەنها دوای پـشکنینی جارێکیتر کەوا تەواو چاکبۆتەوە بە پێی ڕاپۆرتی پزیشکی کە بۆ ئەو دەرچووە.

ماددەی ( ٨ )

یەکـــەم: هۆبـەی بـە دواداچـوونی کۆمەڵایـەتی لـە قوتابخانـە هەڵدەسـتێت بـە ئامـادەکردنی ڕاپۆرتێـك لەسـەر هـەر سپاردراوێك لە هەر سێ مـانگ جارێك هەموو تێبینیەکان لـە خـۆ دەگرێت لەسـەر ڕەفتـاری بـۆ شـارەزا بـوون لەسـەر

پێشکەوتن و تێکچوونی لەگەڵ ئاشکراکردنی هۆیەکان و پێشنیارەکان و ئامۆژگاریەکان هەوڵدان لە گرتنەبەری.

**دووەم:** لەسەر لیژنە پێوویستە کەوا ئەو راپۆرتە بخوێنێتەوە لەگەڵ توێژەری کۆمەڵایەتی کەوا رێکاریەکانی پێوویست بگرێتە بەر بۆ دانانی پرۆگرامێك بۆ مامەڵەکردنی سپاردراو پێکدێت لەسەر بنەمای ئازادی مامەڵەکردن.

**سێیەم:** هۆبەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی ئامۆژگاریکردن لەسەر رەفتاری سپاردراو بۆ دادگای تایبەتمەند لە کاتی تێڕوانین لە مامەڵکردنی ئازادکردنی مەرجدار.

**چوارەم:** بەرێوەبردنی قوتابخانەو توێژەری کۆمەڵایەتی تایبەتمەند سەیری ئەو نامانە دەکەن ئەوەی بۆ سپاردراو دێت و یاخود ئەینێرێ وە لای خۆی ئەیپارێزێ وەنایگەێنێ ئەوەش بەدەر دەکات لە داواکاریەکانی کە رەوانەی ئەو لایەنانەی تایبەتمەندن بەستراونەتەوە بە سکالاکان لەسەر خراپی مامەڵەکردن یاخود بە حەق داوائەکرێت.

**پێنجەم:** هەر توێژەرێکی کۆمەڵایەتی بەرپرسە لەسەر ژمارەیەك لە سپاردراوەکان نابێت زیاتر بێت لە سی سپاردراو.

ماددەی ( ٩ )

کاتی کردنی هەمەجۆری چالاکیەکانی چاکسازی دیاردەکرێت بە پێی خشتەیەکی زەمەنی ئامادە دەکرێت بۆ ئەو مەبەستە.

ماددەی ( ١٠ )

مەشقی سپاردراوەکان لە هەردوو قوتابخانەی پێگەیاندنی هەرزەکاران و لاوان بە ئامادەکردن بە پێی پرۆگرامێك لیژنەی هونەری سەرپەرشتیان دەکات بۆ ئامادەکردنیان بۆ کارکردن دوای ئازادکردنیان بە پێی ئەو بنەمایانەی خوارەوە : ـ

یەکەم: دەبێت ماوەی مەشقکردنەکە لەسالێك زیاتر نابێت.

دووەم: ئەگەر سپاردراو ماوەی مەشقکردنەکەی تەواوکرد بەسەرکەوتوویی بەلگەنامەیەکی پێگەیاندنی پێ ئەبەخشرێت دەگوازرێتەوە بۆ بەشی بەرهەم هێنان.

سێیەم: سپاردراو لە بەشی بەرهەمهێنان کرێی ڕۆژانەی پێ دەدرێت ئەویش ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بۆی دیاریدەکات.

چوارەم: دەکرێ بە سپاردراوبەشێك لەو کرێیەی پێ ببەخشرێت کە دەقەکەی لە بەندی ( سێیەم )ی ئەو مادەیە هاتووە وە بەشەکەیتر لە بانك بۆی دابنرێت ، کاتێ ئازادکرا بۆی هەیە وەریبگرێتەوە.

**پێنجەم:** کاتژمێرەکانی کارکردنی بۆ دیاردەکرێت لە بەشەکانی مەشقکردن یاخود بەرهەمهێنان لە ئەنجومەنی بەڕێوەبردن.

**ماددەی (١١)**

**یەکەم:** لە هەردوو قوتابخانەی پێگەیاندنی هەرزەکاران و لاوانی هەراشبوو بەشێکی نایاب دروست دەکرێت سپاردراوە باشەکانی چاڵاك و ڕەوشت بەرزو گوێڕایەڵ و پابەند بوو بە سیستەمی قوتابخانە و فەرمانەکان ئەوانەی کارگێری بۆیان دەردەکات.

**دووەم:** هۆیەی بە دواداچوونی کۆمەلایەتی سپاردراوەکان هەڵدەبژێرێت بۆ تێکەڵ کردنیان بۆ بەشە نایابەکان لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەی هونەری وە پشتگیری بەڕێوەبەری قوتابخانە وە دەبێت ئەو تێکەڵکردنە لەسەر داوای دەرچوونی بڕیارێکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی قوتابخانە بێت.

**سێیەم:** بڕیاری تێکەڵ کردنی سپاردراو لە قوتابخانە بۆ بەشی نایاب لە تابلۆی ئاگاداریەکان بە هەڵواسراوی بۆ ماوەی یەك مانگ ئەمێنێتەوە وە لەو بڕیارەدا ئەوە باس دەکرێت کە داواکراوە بە هەڵبژاردنی وە تێکەڵکردنی بۆ ئەو بەشە.

**چوارەم:** دەكرێت بۆ ئەوانەی تێكەڵ بە بەشە نایابەكان دەكرێن ئەو كارانەیان پێ ڕاپسپێرن وەك چاودێری سپاردراوەكانیتر وە سەرپەرشتیكردن لەسەر پاك وخاوێنی ژوورەكان و چێشخانە و نانخواردن یاخود سەرۆكایەتی تیپە وەرزشیەكان و ئەوانیتر لە كارەكانی كارگێری قوتابخانە دیاریان دەكات.

**پێنجەم:** مۆڵەتی چوونەوە بۆ ماڵ و ئازادكردنی مەرجدار نابەخشرێت تەنها بۆ ئەوانە نەبێت لە بەشە نایابەكانن لە سپاردراوەكان لە قوتابخانە.

**شەشەم:** دەكرێت بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانە لەسەر داوای سپاردنی لێژنەی هونەری و وەڕەزامەندی بەڕێوەبردنی قوتابخانە بە دوور خستنەوەی سپاردراوی سزا دراو لەسەر بەشی نایاب وە لەو حالەتەدا ناكرێت بە گەڕاندنەوەی بۆ بەشی نایاب تەنها دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك كە لە شەش مانگ كەمتر نەبێت بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن.

**ماددەی (١٢)**

**یەكەم:** دەكرێت لەسەر داوای ئەو ڕاپۆرتەی لێژنەی هونەری و پێشنیاری هەریەك لە قوتابخانەی هەرزەكاران و لاوانی هەراشبوو وە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی

چاکسازی نەوجەوانان پێدانی لە ساڵێکدا دووجار مۆڵەتی چوونە ماڵەوە هەر جارەو لە (١٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت بە سپاردراوە عێراقیەکان جگە لە ڕۆژانی چوون و هاتنەوەیان ئەوانەی خراونەتە نێو بەشە نایابەکان وە سپاردنیان نابێت لەساڵێك کەمتر بێت وە بە دەستەبەری بڕی (١٠٠٠) دینار کە پەسند کرابێت لەلایەن دادنووس وە کەفیل بەڵێن بدات بە ئامادەکردنی ئێوارەی دوا ڕۆژی کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکە ، وە کەفیل لە کاتی پابەند نەبوونی بەو بەڵێننامە دەبێت ئەو بڕە پارەیە یەك دەست بژمێرێت.

دووەم: دەکرێت لەسەر داوای ئەو ڕاپۆرتەی لێژنەی هونەری و بەڕێوەبەری قوتابخانەی پێگەیاندنی مێرمندالآن و ڕەزامەندی فەرمانگەی چاکسازی نەوجەوانان پێدانی مۆڵەتی چوونە ماڵەوە لە ساڵێکدا دوو جار جگە لە ڕۆژانی چوون و هاتنەوەیان بە سپاردراوە عێراقیەکان ئەوانەی ماوەی شەش مانگی تەواویان تەواو کردووە هیچ کاتێك سزا نەدراون لە کاتی سپاردنیان وە بە دەستەبەری (٥٠٠) دینار کە پەسند کرابێت لە لای دادنووس وە کەفیل بەڵێن بدات بە ئامادە کردنی لە قوتابخانە ڕۆژی کۆتایی

هاتنی مۆڵەتەکە وە کەفیل دەبێت پابەند بێت بە بژاردنی
ئەو پارەیە لە کاتی ئامادەنەکردنی.

سێیەم: ئەگەر هاتوو سپاردراو دواکەوت بە سێ ڕۆژ بەسەر
تێپەڕ بوون لە بەرواری کۆتایی هاتنی لە پەیوەندی کردنی
بە قوتابخانە کاتی کۆتایی هاتنی مۆلەتی ماڵەوەی بە هەر
هۆیەك بێت بەڕێوەبەر بڕیار دەدات بە هەماهەنگی لەگەڵ
لێژنەی هونەری بەپەوای زانی ئەو ماەیەی دواکەوتن
دەخرێتە سەر ماوەی حوکمەکەی بەڵام ئەگەر بڕیاریدا بە
ڕەوانەبوونی ئەو دواکەوتنە ئەو ماوەیە دەخرێتە سەر
حوکمەکەو لەگەڵ بێبەشکردنی سپاردراو بە مۆڵەت
پێدانی جارێکیتر.

چوارەم: بەڕێوەبردنی قوتابخانە ئاگاداری لایەنە تایبەتمەندیەکان
دەکات لە کاتی نەگەڕانەوەی هەر سپاردراوێگ دوای
تێپەڕبوونی سێ ڕۆژ بەسەر کاتی دیاریکراوی کۆتایی
هاتنی مۆڵەتی ماڵەوەی ئەویش بۆ گرتنەبەری ڕێشوێنی
پێوویست بۆ گەڕاندنەوەی.

پێنجەم: مۆڵەتی چوونەماڵەوە لە ماوەی پشووی قوتابخانەکانی
فەرمی دەدرێت وە دەکرێت لە بۆنەکانیش بدرێت لەسەر
ڕاپۆرتی لێژنەی هونەری و پێشنیاری بەڕێوەبەری
قوتابخانە.

**شەشــەم:** بـە هـیچ شـێوەیەك قوتابخانـە خەرجیـەكان لـە ئەسـتۆ ناگرێت بە هۆی ئەوەی سپاردراو مۆڵەتی ماڵەوە بەسەر دەبات.

**حەوتەم:** مۆڵەتەكانی چوونەماڵەوە بەدەر دەكرێت بۆ سپاردراوی حوكمـدراو لەسـەر كێشەیەك كـە پەیوەنـدی بە ئاسایشی ناوەو دەرەوەی وولات هەبێت یاخود لە حالـەتی سپاردراو لـە كـاتی مۆڵــەت وەرگــرتن تووشــی مەترســی ببێــت وە هــــەروەها ســــپاردراوە داواكراوەكــــان لــــە لایەنــــە تایبەتمەندیەكان لەسەر جینایەت یـاخود كەتن كە هێشتا یەكلایی نەكراوەتەوە.

**هەشــتەم:** لەسـەر كـارگێری قوتابخانـە پێوویسـتە پـێش كۆتـایی هاتنی ماوەی پێسپاردراو بە ماوەیەك كەمتر نەبێت لە سێ مـانگ پێـدانی جارێكیتر مۆڵـەتی مالـەوە بە سپاردراو بـە هــەمان مەرجــەكانی ئــەوەی هــاتووە لــەو مادەیــە بــە هەماهـەنگی لەگـەڵ لیژنـەی هونـەری و بەشــی چـاودێری پاشكۆیی.

**ماددەی (١٣)**

**یەكەم:** لەسەر بەرێوەبردنی قوتابخانە پێوویستە بە هەماهـەنگی بكات لەگەڵ لایەنـەكانی تایبەتمەنـد دەربارەی هـەموو ئـەو كاروبارانەی پەیوەندیان بە پەروەردەوە هەیە.

دووەم: وەزارەتی پەروەردە قوتابخانەی سەرەتایی دەکاتەوە وە ئەویتریان ناوەندی لە ناو بینایەی قوتابخانەی پێگەیاندنی مێرمندالأن و قوتابخانەی ناوەندی و ئەویتریان دوا ناوەندی لە ناو هەر دوو بینایەی قوتابخانەی پێگەیاندنی هەرزەکاران و قوتابخانەی پێگەیاندنی لاوانی هەراشبوو وە سیستەم و ڕێنمایەکانی وەزارەتی پەروەردە و لەگەڵ کادیری کارگێری و فێرکاری لەخۆ دەگرێت.

سێیەم: دەکرێ بۆ دەرچووانی خوێندنی سەرەتایی لە سپاردراوەکان پەیوەندی بکەن بە قوتابخانەکانی ناوەندی، وە هەروەها دەکرێت بۆ دەرچووانی خوێندنی ناوەندی لە سپاردراوەکان پەیوەندی بکەن بە قوتابخانەکانی ئامادەیی یا پیشەییە فەرمیەکان وە هەروەها دەکرێت بۆ دەرچووانی خوێندنی ئامادەیی پەیوەندی بکەن بە پەیمانگاکان و کۆلیژەکان بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی کارگێری قوتابخانە تایبەتمەندکراو لەسەر سپاردراو پێوویستە کەفالەتێك بکات بە بڕی (٥٠٠) دینار بۆ مێرمندالأن و (١٠٠٠) دینار بە نیسبەت هەرزەکاران و لاوانی هەراشبوو لە کەسێکی متمانە پێکراو بۆ سپاردراو لەلای دادنووس،

دەبێت کەفیل ئەو متمانەیە دروست بکات کە سپاردراو لە چوون و گەرانەوەی بۆ قوتابخانە دوای کۆتایی هاتنی خوێندنی ڕۆژانە وە ئەو مافە لە دەست دەدات هەر کاتێك لە پۆلەکەی ساڵێك دەرنەچوو وە بۆ ئەنجومەنی کارگێری قوتابخانە هەیە بۆ نویٚ بکاتەوە ئەگەر بینی کەوتنی هۆیەك هەبووە ئەویش ئەنجومەن دەبێت هەڵیسەنگێنیٚ لەسەر داوای خۆی لە لیژنەی هونەری.

**چوارەم:** ئەو بڕوانامەیەی کە وەریدەگرێت سپاردراو بۆی هەیە بیگوازێتەوە بۆ هەر قوتابخانەیەکیتر لە دوای ئازاد بوونی بەردەوام بێت لە خوێندن.

**پێنجەم:** دەکرێت بۆ سپاردراوەکان لە قوتابخانە بەشداری بکەن لە بەجێگەیاندنی تاقیکردنەوەی دەرەکی بۆ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی وە دەبێت جێبەجیٚ بکرێت بە هەمان مەرجەکانی کە لە بڕگە ( سیٚ ) هاتووە ئەویش لە دوای ڕەزامەندی بەڕێوەبەری تایبەتمەندی پەروەردە.

**ماددەی ( ١٤ )**

بۆ سپاردراو هەیە پێشوازی بکات لەو کەسانەی سەردانی دەکەن بە پێی ئەو ڕێنماییانەی کە وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەریدەکات.

ماددەی ( ١٥ )

یەکەم: پێوویستەشێوازی پەروەردەیی و مرۆڤایەتی بەکار بێت لەگەڵ سپاردراوەکان.

دووەم: بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانە هەیە بە سەپاندنی یەکێك لەو سزایانەی خوارەوە دەرهەق بە سپاردراو لە کاتێك کارێکی سەرپێچی سیستەم یاخود ڕێنماییەکانی کرد لە قوتابخانە وە بە تاوان ئەژمار ناکرێت لە ڕووی یاسایی ئەویش لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی کە بۆی بەرز دەکرێتەوە لە لیژنەی هونەری یاخود هۆبەی بە دواداچوونی کۆمەڵایەتی:

أ- ئاگادارکردنەوەی بەسەر زارەکی یاخود بە نووسین کەوا جارێکیترکاری سەرپێچی سیستەمی قوتابخانە و ڕێنماییەکانی کارگێری دووبارەی نەکاتەوە.

ب- بێبەشکردنی لە بەشداریکردنی لە هێندێ بۆنەدا کە لیژنەی هونەری بڕیاری لەسەر دەدا ئەویش زیاتر نەبێت لە مانگێك.

ج- بێبەشکردنی لە نامە ناردن بۆ ماوەیەکی گونجاو کە لیژنەی هونەری بڕیاری لەسەر دەدا لەگەل کارگێری قوتابخانە.

د- بێبەشکردنی هاتنی میوانەکانی بۆ ماوەیەك کە زیاتر نەبێت لە سێ سەردانی بە دوای یەکەوە ئەویش بە هەماهەنگی لەگەڵ کارگێری قوتابخانەو لیژنەی هونەری.

هـ- دواخستنی خۆش بەسەربردنی لە مۆڵەتەکانی چوونە ماڵەوەی بۆ ماوەیەکی گونجاو ئەویش لیژنەی هونەری دیاریدەکات کە نابێت لە سێ مانگ زیاتر بێت.

و- کۆتکردنی لە ژوورێکی تەنیایی بۆ ماوەیەك نابێت لە (١٥) ڕۆژ زیاتر بێت.

**ماددەی (١٦)**

لیژنەی هونەری فەرمانگەی چاکسازی نەوجەوانان پێویستە پرۆگرامێکی کارکردن ئامادەبکات بۆ سپاردراوەکان لە قوتابخانە ئامانجی باشی پێگەیاندن وئەوانیتر بێت لە پرۆگرامی سازدانی کۆمەڵایەتی بۆیە پێویستە پێشنیار بکات بە دەستەبەرکردنی هۆیەکانی کارو پێداوویتیەکانی وە دەبێت پرۆگرامەکە هاوشێوەبێت بۆ بارودۆخی کاری ئاسایی ژیانی ڕۆژانەی لە ڕووی جۆر و شێوەی بەجێگەیاندن و ژمارەو کەل وپەلی بەکارهاتوو لەگەڵ ڕەچاوکردنی تەندروستی و باشی سەلامەتی.

**ماددەی (١٧)**

یەکەم: دەکرێ بۆ سپاردراوەکان لە هەر دوو قوتابخانەی پێگەیاندنی مێرمندالا و هەرزەکاران چوونە دەرەوەیان لە قوتابخانە لەو حالەتانەی کە لە خوارەوە دیاریکراوە دوای ڕەزامەندبوونی ئەنجومەنی کارگێری:ـ

أ- هەڵسان بە گەشتەکانی خۆشڕابواردنساڵێ لە شەش گەشت زیاتر نەبێت وە بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانە هەیە لە بێبەشکردنی سپاردراوەکان ئەوانەی کە متمانەیان پێناکات.

ب- بەشداریکردن لە نمایشەکان و پێشبڕکێ یەکانی وەرزشی یاخود سەردانیکردنی شوێنەوارەکان و سەیرکردنی ئاهەنگەکانی سینەمایی و سەردانیکردنی پێگەکانی شارستانی و گەشتگوزاریەکان.

دووەم: بە سپاردراوی ئازادکراو پلیتی گەشتی بەخۆڕایی شەمەندەفەر دەبەخشرێت لەپلەی گەشتیاری بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی وە ئەگەر ئەوە نەبوو کرێی سەیارەی پێ دەبەخشرێت بە پێی ئەو نرخەی بە فەرمی دیاریکراوە لەگەڵ پێدانی بڕێك پارە کە زیاتر نەبێت لە (٢) دینار بۆ پێویستیەکانی.

ماددەی (١٨)

سپاردراوەکان هەڵدەستن لە قوتابخانە بە خاوێنکردنەوەی ئەو شوێن ونووستنگەیان وە گرنگی دەدەن بە پاك و خاوێنی بەلای کەمی لە هەفتەی جارێك وە پێدانی جل و بەرگیان بۆ شوشتن هەموو هەفتەیەك وە دەربکەون بە دیمەنێکی جوان و سەرتاشینیان لە مانگێ جارێك وە لەسەریان پێویستە بە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی سەروی خۆیان کە لە بەڕێوەبەری قوتابخانە سەرپەرشتیارەکانیان بۆیان دەردەچێت وە گرتنەبەری ئامۆژگاری و ڕێنماییەکان.

**ماددەی (١٩)**

**یەکەم:** قوتابخانە خواردنی ووشکەیان بۆ ئامادە دەکات بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کە دەریدەکات.

**دووەم:** بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانە هەیە بە پێدانی خواردنی تایبەت بە بێ پلەدیارکراو لە ئەو ڕێنماییانە لەسەر دەستنووسی ڕاسپاردەی دکتۆر تایبەتمەند.

**سێیەم:** پێداوویستیەکان ڕاسپاردراوەکان لە ماوەی ساڵێك دەدرێت بە پێی خشتەکانی ژمارە (١، ٢، ٣، ٤) کە پاشکۆکراوە بەو سیستەمە ئەویش دەبێت بە موڵکی خۆیان هەر لەگەڵ کۆتاییهاتنی ماوەی سپاردنیان و ئازادکردنیان بەلاّم پێداوویستیەکانیتر ئەوا لە قوتابخانە دەمێنێتەوە.

**ماددەی (٢٠)**

**یەکەم:** ڕێگە نادرێت بە فەرمانبەران بە پەیوەندی کردنیان بە سپاردراوەکان بۆ کاروباری تایبەتی مەبەستی تایبەتی خۆیان.

**دووەم:** ناکرێت سەردانیکردنی قوتابخانە بکرێت لەگەڵ دەستەکان و کەسەکان تەنها بە ڕەزامەندی فەرمانگەی چاکسازی نەوجەوانان دەبێت.

سێیەم: ڕێگە دەدرێت بە بڵاوکردنەوەی ناوی سپاردراو شوێنی نیشتەجێبوون و وێنەگرتنی یاخود هەر شتێك ببێتە هۆی زانینی ناسنامەکەی.

ماددەی (٢١)

ڕێگە دەدرێت بە پاسەوانەکان بە هەڵگرتنی دەمانجەکانیان بە شێوەیەکی نادیار لە خاڵەکانی پاسەوانی وە لە دەرەوەی ئەو ئەحکامە لە ماوەی ئەرکەکەی ناکرێت بە هەڵگرتنی هیچ جۆرە چەکێك.

ماددەی (٢٢)

بۆ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەیە بە دەرکردنی ڕێنمایی بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەو یاسایە.

ماددەی (٢٣)

سیستەمی قوتابخانەی چاکسازی ژمارە (٣١) ی ساڵی ١٩٦٤ و سیستەمی قوتابخانەی مەشقی هەرزەکاران ژمارە (١٠) ی ساڵی ١٩٧٢هەڵئەوەشێتەوە.

ماددەی (٢٤)

ئەو سیستەمە جێبەجێ دەکرێت لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ، نووسراوەتەوە لە بەغدا لە ڕۆژی حەقدەی مانگی جومادی یەکەمی ساڵی ١٤٠٨ کۆچی ڕێکەوتی ڕۆژی دەی مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٨ میلادی.

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**بەناوی گەل**

**ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان**

**ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٠١**

بە پشت بەستن بە ئەحکامی بڕگە (١) لە مادەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٣ ی هەمووارکراو ، وە لەسەر ئەو داوایە پێشکەشکراوەی ئەنجومەنی وەزیران ، وە لەسەر داڕژتنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان - عێراق لە دانیشتنی ئاسایی خۆی ژمارە (٦) بەستراو لە بەرواری ٢٠٠١/١٠/١٠ وە ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە بە پێی بڕگە (٣) لەیاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی ١٩٩٧ بڕیارماندا بە دەرچوونی ئەم یاسایەی خوارەوە:

**یاسای ژمارە (١٤ ) ی ساڵی ٢٠٠١**

**یاسای دیاریکردنی تەمەنی لێپرسراویەتی تاوانکاری**

**لە هەرێمی کوردستانی عێراق**

**ماددەی (١)**

بۆ مەبەستی تەنینەوەی یاسای چاودێریکردنی نەوجەوانان ژمارە (٧٦ ) ی ساڵی ١٩٨٣ لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەسەر نەوجەوانی کەتنکردوو و لەسەر منداڵ و نەوجەوانە

تووشهاتووەکانی کەتنکردوو وە لەسەر باوانەکانیان و بەو دەستەواژانەی خوارەوە کە دیاریکراوە بۆ مەبەستی ئەو یاسایەی باسکراوە :

أ- بە منداڵ دادەنرێت ئەوانەی تەمەنی هەژدە ساڵیان تەواونەکردووە.

ب- بە نەوجەوان دادەنرێت ئەوانەی تەمەنی یانزە ساڵیان تەواو کردووە وە هەژدە ساڵیان تەواو نەکردووە.

ج- بە نەوجەوانی مێردمنداڵ دادەنرێت ئەوانەی یانزە ساڵیان تەواو کردووە و وە تەمەنی هەژدە ساڵیان تەواو نەکردووە.

د- بە نەوجەوانی هەرزەکان دادەنرێت ئەگەر تەمەنی پانزە ساڵیان تەواو کردبێت و تەمەنی هەژدە ساڵیان تەواو نەکردبێت.

هـ- بە باوان دادەنرێت ، باوك و دایك و هەرکەسێك ئەو منداڵە یاخود ئەو نەوجەوانە لەخۆبگرێت یاخود پەیمانی دابێت لە پەروەردەکردنی لەو بڕیارانەی دادگا.

ماددەی ( ٢ )

داوای سزایی تۆمارناکرێت لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەسەر ئەوانەی کاتێ تاوانێك ئەنجام دەدەن ئەو کاتە تەمەنی یانزە ساڵیان تەواو نەکردووە.

**ماددەی ( ٣ )**

بڕگەی (٣)ی مادەی (٤٧ ) یەکەم لە یاسای چاودێری کردنی نەوجەوانان ژمارە (٧٦) ی ساڵی ١٩٨٣ ڕادەگیرێت کاری پێناکرێت لە هەرێمی کوردستانی عێراق وە شوێنگرەوەی ئەوان ئەحکامی هەردوو مادەی ( ١ ، ٢ ) ی جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی ( ٤ )**

هیچ دەقێک کاری پێناکرێت ناکۆک بێت لەگەڵ ئەحکامی ئەو یاسایە.

**ماددەی ( ٥ )**

لەسەر وەزیرە تایبەتمەندیەکانە لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایە.

**ماددەی ( ٦ )**

ئەو یاسایە جێبەجێ دەکرێت لە دوای بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان وە ڕارەوەی خۆی دەگرێت ئەحکامەکانی لەسەر کێشەکانی کە تا ئێستا بڕیاری بنبڕکراوی بۆ دەرنەچووە.

**د. ڕۆژ نوری شاویس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی پەرلەمانی کوردستان**

فەرمان

ژمارە (٨ ) ی ساڵی ٢٠٠٥

## بەستنەوەی فەرمانگەی چاکسازی نەوجەوانان
## بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

بە پشت بەستن بە ئەحکامی بڕگە (ج ) لە مادەی ( ٢٦ ) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ، وە ئەحکامی بەشی دووەم لە پاشکۆکەی ، وە لەسەر ڕەزامەندبوونی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە دەرچوونی ئەو فەرمانەی خوارەوە : ـ

یەکەم: هەڵوەشاندنەوەی ئەو بەیەك بەستنەوەی فەرمانگەی چاکسازی نەوجەوانان بە هەموو کارمەندەکانیەوە و پێداوویستیەکان و متمانەکردنەکانی و مافەکانی و پابەندبوونەکانیان لە (وەزارەتی داد) ەوە و بەستنەوەی بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.

دووەم: ئەو فەرمانە هەموارکراوە ئەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی دەسەڵاتی ئیتیلافی کاتیە ژمارە (١٠) و یاداشتەکانی ژمارە (٢) ساڵی٢٠٠٣.

سێیەم: ئەو فەرمانە جێبەجێ دەكرێت لە بەرواری بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامە فەرمیەكان.

نووسرایەوە لە بەغدا لە ڕۆژی بیست وحەوتی مانگی زی ئەلحجەی ساڵی ١٤٢٥ ی كۆچی بەرامبەر ڕۆژی شەشی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٥ ی زاینی.

دكتۆر

بەرهەم ساڵح

سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بەوەكالەت

## هۆیەكانی دەرچوونی

پێویستیەكانی كۆمەڵایەتی وا دەخوازێت بە دەستەبەركردنی چاودێری تایبەت بۆ نەوجەوان كە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی پێی هەڵسێت بە چاودێریكردنی نەوجەوانانی سپاردراو لە لای فەرمانگەی چاكسازی نەوجەوانان لە چوار چێوەی سیاسەتی تایبەت بە چاودێریكردنی نەوجەوانان و منداڵان وە لەبەر لە تواناداننەبوونی وەزارەتی داد بە دەستەبەركردنی داواكاریەكانی ئەو چاودێریكردنە بۆیە ئەو فەرمانە داڕێژرا.

کتێبخانەی یادگار
٠٧٥٠ ١٥٤ ٢٩٧٨ سلێمانی ٠٧٧٠ ١٥٤ ٢٩٧٨

چاپخانەی شەهاب - هەو